# پەند و پیر
# بەرەو سۆسیۆلۆگیای پەندی کوردی

رەنجدەر فەتاح ساڵح

Ranjdar.saleh@su.edu.krd

**پوختە:**

ئـەم توێژینەوەیـە پاڵپشـت بـە میتـۆدی شـیکاریی گوتـار، هەڵوەسـتە لەسـەر کۆمەڵێـک لـە پەنـدە کوردییـەکان دەکات. بـە ئامانجـی دەستنیشـانکردنی پاڵنـەر و کاریگەریـی پەنـد و پەندبێژیـی لـە پێوەندیـی و کارلێکـی کۆمەڵایەتیـدا؛ بەوپێیـەش دەرخسـتنی بەرژەوەندیـی سۆسـیۆلۆگیا لـە توێژینـەوەی پەندەکانـدا. توێژینەوەکـە وردبوونەوەیـەک لـەو ئایدیۆلۆژیایـە پێشـکەش دەکات کـە پەندەکانـی لەسـەر بونیادنـراوە. نموونـەی پەنـدەکان لـە چەنـدان کۆکـراوەی رەسـەن بـە پێڕۆییکـردن لـە ڕێبازێکـی چۆنایەتـی وەرگیـراون. (٤٦) پەنـد لـە ڕەوتـی شـیکردنەوەدا خراونەتـە ڕوو. توێژینەوەکـە بـە پێچەوانـەی مامەڵەکـردن لەگـەڵ پەنـدەکان وەک پارچـەی جیـا جیـا، گرێدراوییـەک لـە نێـوان پەندەکانـدا دروسـت دەکات.

ئەنجامەکانـی بەدەسـتهاتوو لـە توێژینەوەکـە، بـە پێداگیـری لەسـەر سـەرچاوەگرتنی مەعریفـەی پەنـدەکان لــە واقیعێکــی ئەزموونکــراودا، هێــزی پەنــدەکان لــە دروســتکردنی کاریگــەری لەســەر خەڵــک دەستنیشــان دەکات. ئەزمــوون وەک ژیــری و مەعریفــە پێناســە دەکرێــت و لەســەر ئــەو بنەمایــەش پێگــەی کۆمەڵایەتــی دەســتەبەر دەکات. لـەو ڕاسـتاییەدا پەنـدەکان بانگەشـە بـۆ مرۆڤـی پیـر وەک جۆرێکـی کۆمەڵایەتـی دەکـەن کـە لـە ڕەوتـی ژیانـدا، زۆرتریـن ئەزمـوون و سـەرهات، بـەو پێیـەش مەعریفـەی وەرگرتـووە و دەتوانێـت ڕێنموونیـی نـەوەی نـوێ بـکات و وەک پارێزەریـی گـرووپ ڕۆڵ بگێڕێـت. پەنـدەکان کار بـۆ مانـەوەی پیرەکـە لـە پێگـەی ئاخێوەریـی و گەنجـان لـە پێگـەی گوێڕایەڵیـدا دەکـەن. وەک چـۆن پەنـدەکان یەکێـک لـە ئامرازەکانـی پیرانـن لـە ڕێنموونیـی نـەوەی نـوێ و پاراسـتنی گرووپـدا، ئەوهـا پەندبێژەکـە لەڕێگـەی ناوەکیکردنـەوەی فەرمانەکانـی گرووپـەوە، خزمـەت بـە هاوبەسـتی و کۆدەنگـی دەکات.

کلیلە وشەکان: پەند، پیر، مەعریفەی ئەزموونی، سۆسیۆلۆگیای پەند، شیکاریی گوتار.

## پێشەکی

پەندی پیران.. ڕاڕەوێ بوو
یاسا لە ناو ئەودا ئەزا.
شێرکۆ بێکەس. ئاسک، ١٩٧٨.

پەنـــدەکان وردبوونەوەیەکـــی بەهێـــزی کۆمەڵناســـیین. پێداگیریـــی دەکـــەن لەســـەر هەڵهێنجانـــی مەعریفـــە لـــە واقیعـــەوە. لەکاتێکـــدا پەنـــدەکان کۆمەڵگـــە بـــە ســـەرچاوە دەگـــرن، «تێبینیکردن»یـــش وەک ئامرازێـــک لـــە گەیشـــتن بـــە مەعریفـــە و ڕاســـتییە کۆمەڵایەتییـــەکان پێشـــنیاز دەکـــەن.

ئـــەم توێژینەوەیـــە بـــەرەو دەرخســـتنی بەرژەوەندیـــی سۆســـیۆلۆگیا لـــە توێژینـــەوەی پەندەکانـــدا هەنـــگاو دەنێـــت. پاڵنـــەر و کاریگەریـــی پەنـــدەکان و پەندبێژیـــی لـــە پێوەنـــدی و کارلێکـــی کۆمەڵایەتیـــدا دەستنیشـــان دەکات.

پەنـــدەکان ئامرازێکـــی نەریتـــی و بەربـــڵاوی کولتوورییـــن. بەهـــا و پێـــوەرە کۆییـــەکان دەردەخـــەن و ڕێســـاکانی ژیانـــی کۆمەڵایەتـــی دەستنیشـــان دەکـــەن. پەنـــدەکان وەک ئامرازێکـــی پێوەســـتەکی لـــە نێـــوان نـــەوەی کـــۆن و نـــوێ ڕۆڵ دەگێـــڕن. مەعریفـــەی ئەزموونـــی و تاقیکـــراوە لـــە پێشـــینانەوە بـــۆ نـــەوە نوێیەکـــە دەگوازنـــەوە.

بایەخەکـــەی لـــە ژیانـــی کۆمەڵایەتیـــدا، وای کـــردووە خەرمانێکـــی گـــەورەی پەنـــد کەڵەکـــە ببێـــت. کۆکردنـــەوەی پەنـــدەکان و تۆمارکردنیـــان لەنـــاو کـــورددا، لـــە نیـــوەی یەکەمـــی ســـەدەی ڕابـــردووەوە دەســـتیپێکردووە. ژمارەیەکـــی زۆر لـــە نووســـەران و توێـــژەران ســـەرقاڵی کۆکردنـــەوە و تۆمارکردنـــی پەنـــدەکان بـــوون. دەیـــان هـــەزار پەنـــد بـــە شـــێوەزارە جیـــا جیاکانـــی زمانـــی کـــوردی چـــاپ و بـــڵاو کراونەتـــەوە. هـــەر لـــەم دواییانـــەدا محەمـــەد ئۆنجـــۆ (٥٠) هـــەزار پەنـــدی کـــوردی لـــە چـــوار بەرگـــدا بـــە شـــێوەزاری کرمانجـــی و لـــە باکـــووری کوردســـتان چـــاپ و بڵاوکـــردەوە. لەپـــاڵ هەزارانـــی دی کـــە لەلایـــەن نووســـەران و توێژەرانـــی بەشـــەکانی دیکـــەی کوردســـتان بـــڵاو کراونەتـــەوە. لەناویانـــدا هـــەزاران پەنـــد لـــە کۆمەڵگـــەی باشـــووری کوردســـتاندا. ئـــەو خەرمانـــە گەورەیـــە بانگهێشـــتی کۆمەڵناســـان دەکات بـــۆ توێژینـــەوەی فرەڕەهەنـــد و بەرفـــرەوان لەمـــەڕ پەیـــام، ئـــەرک و کاریگەریـــی پەنـــدەکان لـــە ژیانـــی کۆمەڵایەتیـــدا.

هەرچەنـــد لەنـــاو کـــورددا زمانناســـان و فۆلکلۆریســـتان بەگشـــتی کاریـــان لەســـەر پەنـــدەکان کـــردووە، بـــەڵام کۆمەڵناســـان بەدەگمـــەن ســـەرنجیان لەســـەر چـــڕ کردووەتـــەوە. لەکاتێکـــدا پەنـــدەکان دیـــاردەی قووڵـــی کۆمەڵایەتـــی و کولتوورییـــن. جگەلـــە ناوڕۆکـــی کولتوورییـــان، لـــە کارلێکـــی کۆمەڵایەتـــی؛ لـــە میانـــەی قســـەکردن دەگوترێـــن و فۆڕمێکـــی پێوەندیکـــردن دادەمەزرێنـــن.

ئامانجـــی ئـــەم توێژینەوەیـــە دەرخســـتنی بەرژەوەنـــدی کۆمەڵناســـییە لـــە توێژینـــەوەی پەندەکانـــدا. هەروەهـــا دەرخســـتنی پاڵنـــەر و کاریگەریـــی پەنـــدەکان و پەندبێـــژی لـــە پێوەنـــدی و کارلێکـــی کۆمەڵایەتیـــدا.

چەنـــد پرســـیارێکی ســـەرەکی ڕەوتـــی توێژینەوەکـــە دەستنیشـــان دەکـــەن:

- پەندەکان چۆن دروست دەکرێن؟
- بۆچـــی خەڵـــک لـــە گفتوگـــۆ و قســـەکردندا پەنـــدەکان بـــەکار دێنـــن؟
- پەنـــدەکان چـــۆن دەتوانـــن خەڵـــک بجوڵێنـــن؟ کاریگـــەری لەســـەر بیرکردنـــەوە و ڕەفتاریـــان دابنێـــن؟
- پەنـــدەکان خەســـڵەتی بڕیـــاردان و هەڵســـەنگێنەرییان هەیـــە. بـــەڵام هێـــزی داوەریکردنـــی پەنـــدەکان چـــۆن دەســـتەبەر کـــراوە؟

توێژینەوەکـــە هەڵوەســـتە لەســـەر ڕیشـــەی کولتـــووری و کۆمەڵایەتـــی پەنـــدەکان دەکات. هەوڵـــدەدات ســـەرچاوەی دروســـتبوونی ئـــەو مەعریفەیـــە دەستنیشـــان بـــکات کـــە لـــە ناوەڕۆکـــی پەندەکانـــدا بانگـــەوازی بـــۆ دەکرێـــت. ئەنجامەکـــە ئەوەیـــە کـــە پەنـــدەکان خـــودی مـــرۆڤ و کۆمەڵگـــە بـــە ســـەرچاوە دەگـــرن لـــە دەستخســـتنی مەعریفـــەدا. مەعریفەکـــە لـــەو ئەزمـــوون و تاقیکردنەوانـــەدا دەرکەوتـــووە کـــە مرۆڤـــەکان پێیانـــدا تێپەڕبـــوون. ئـــەو هاوکێشـــەیە بەســـەر خـــودی دروســـتبوونی پەندەکانیشـــدا دەچەســـپێت. پەنـــدەکان دەربڕینێکـــی دروشـــمییانەی ســـادەنین، بەڵکـــوو نوێنەرایەتیـــی زارەکـــی ڕووداوێکـــی ئەزموونـــی و تاقیکـــراوە دەکـــەن و وەک ڕاســـتییەکی ئەزموونکـــراو دەخرێنـــە ڕوو.

ئەو ڕوانگە ئەزموونییەی لە پشت پەندەکان هەیە، بونیادێکی کۆیی بۆ پەندەکان دەستەبەر دەکات. مەعریفە لە ئەزموونی مرۆییەوە سەرچاوە دەگرێت؛ هەموان بەپێی ڕۆڵ و پێگەیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەتوانن بەشداربن لە بەرهەمهێنانیدا. لەبەرئەوە ئەو مەعریفەیەی پەندەکان دەیخەنەڕوو خەسڵەتی کۆیی هەیە.

پەندەکان کۆتێگەیشتن و ڕوانگەی کۆمەڵایەتی دەردەبڕن. لەسەر ئەو بنەمایە وەک ئامرازێکی میتۆدی لە شیکردنەوە و تێگەیشتن لە پرسگەلی جیا جیای مرۆیی و کۆمەڵایەتی بەکارهێنراون. بەڵام پەندەکان زیاتر لە تەنیا سەرەبابەتێکی توێژینەوە و لەتوانادایە بەکارهێنانی میتۆدییانەیان پێشبخرێت. پەندەکان دەتوانن لە تەواوی ڕەوتی توێژینەوەدا خزمەت بکەن؛ دڵنیایی بە توێژەران دەدەن کە لە سەر ئاڕاستەیەکی ڕاست دەڕۆن.

## میتۆد

توێژینەوەکە پاڵپشت بە میتۆدی شیکاری گوتار ئەنجامدراوە. هەوڵدراوە، لە یەککاتدا سەرنج لە ناوەڕۆکی زمانەوانی و ئەو کۆنتێکستە کۆمەڵایەتییەی پەندەکەی تێدا دەگوترێت، چڕ بکرێتەوە.

لە بنەڕەتدا، پەندەکان دەربڕینی کورت و پوختن. لە کارلێک و پێوەندیی کۆمەڵایەتیدا دەگوترێن و فۆڕمێکی قسەکردن/پێوەندیکردن دادەمەزرێنن. چاوەڕوان دەکرێت ناوەڕۆک و پەیامەکانیان دەستنیشانی چۆنیەتیی بەکارهێنانیان لە قسەکردندا بکات. ئاسایی، گۆڕاوەکانی کێ بۆ کێ و لە کوێ پەندێک دەڵێت، دەشێت ئەرکی پەندەکان لە گوتاردا بگۆڕن. ئەو ڕاستییە ڕەچاوکردنی پێوەندییەکانی ئاخێوەری پەندبێژ و بەردەنگەکەی دەسەپێنێت.

دابڕانی ناوەڕۆکی پەندەکان و بەکارهێنانیان لە دۆخەکانی قسەکردن/پێوەندیکردندا ئاسان نییە. پەیام/ناوەڕۆکی پەندەکان پرسیارکردنە لەوەی خودی پەندەکە خۆی چ دەڵێت؟ ئەوە نەک هێزی پەندەکە لەسەر بەردەنگ، بەڵکوو «سەرچاوە»ی هێزەکەش دیاری دەکات. پاشان کێ بۆ کێی دەڵێت و لە چ دۆخێکی پێوەندیدا؟ ئەنجامێکی وردتر وەگیر دەخات.

گەڕان بەدوای دەستنیشانکردنی هێزی پەندەکان، دەستکراوەییەک لە وەرگرتنی نموونەی پەندەکاندا پێشکەش دەکات لە گەڕان بەدوای ئەو پەندانەی سروشتێکی خۆناسێنیان هەیە و بەشێوەیەک لە شێوەکان پێناسەی خودی پەند دەکەن. لەو ڕوانگەیەوە نموونەی پەندەکان لە چەندان کۆمەڵە پەندی کۆکراوەدا وەرگیراون. زۆر لە پەندەکان بەشێوەیەک داڕێژراون کە ڕاستەوخۆ دۆخێکی قسەکردن/پێوەندیکردن دەردەبڕن، ئەو پەندانە دووجەمسەری دوێنەر و دوێنراو لەخۆدەگرن. ئەوەش توانا و سروشتی بەکارهێنانی پەندەکان لە دۆخی قسەکردن/پێوەندیدکردندا ڕوون دەکاتەوە و پێشخستنی شیکاری گوتار وەک پێویستییەک دێنێتە ئاراوە.

## توێژینەوەکانی پێشوو

توێژەران لە توێژینەوەی پەندەکاندا، چەند ڕاستییەکی بنچینەیی لەمەڕ چییەتیی پەندەکان دەخەنە ڕوو. ئەو ڕاستییە بنچینەییانە خزمەت بە پێناسەکردن و سنوورکێشانی بابەتەکە دەکەن. پەند دەربڕینێکی کورت، بەڵام ژیرانەیە و ڕاستییەکی بنەڕەتی دەگەیەنێت (Bisilki & Nkamigbo, 2018: 103). پەندەکان دەربڕی ڕاستییە ئەزموونکراوەکانن (Gulimxon, 2022: 9). بەزۆری مێژوو و چیرۆکێکی فێرکاری لە پشتیانەوە هەیە (Del, et., al., ٢٠٢١: ٤). بە گەنجینەی گەورەی توخمە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان دادەنرێن؛ نەزمی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کۆمەڵگەیەک پیشان دەدەن (تهرانی و الخ، ٢٠٢٢: ٩٢).

پەندەکان وەک ژانرە ئەدەبییەکانی دی: گۆرانی، چیرۆک و حیکایەت پێویستیان بە بۆنە و دانیشتنی تایبەت نییە. بەڵکوو خۆبەخۆ، لە چوارچێوەی گوتار و لە هەلومەرجی ناڕێکخراودا یان «لە هەر بارودۆخێکی کارلێکی زارەکییدا ڕوو دەدەن» (Bisilki & Nkamigbo, 2018: 130). پەندەکان دەربڕینی ناڕاستەوخۆن و بەردەنگ بەهۆی پاشخانی کولتوورییەوە لێیان تێدەگات. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانە بەکار دێن کە بەپێی ئەو بارودۆخەی قسەی لەسەر دەکرێت، ڕوو دەدەن (Asmi, et. al., ٢٠٢٣: ١٠٤٤). لەسەر ئەو بنەمایە، پەندەکان فۆڕمێکی

بەهێــزن لــە کولتــووری زارەکــی هــەر کۆمەڵگەیــەک. وەک مەعریفەیەکــی کۆنــی ئەزموونــی بــۆ بڕیــاردان لــە دۆخێکــی نــوێ کاردەکــەن و لــە نەوەیەکــەوە بــۆ نەوەیەکــی دی دەگوازرێنــەوە.

بانگەوازەکـەی ئارێـوا و دونـدس لـە شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوودا «بـا خەڵـک بخەینـەوە نـاو فۆلکلـۆرەوە»، بـە دوای توێژینەوەیـان لـە پەنـدەکان وەک جۆرێکـی فۆلکلۆریـی هـات. ئـەوان پێداگیرییـان کـرد کـە توێژینـەوە لـە مەعریفـە بەبـێ گەڕانــەوە بــۆ ئــەو خەڵکانــەی مەعریفەکــە بەرهــەم دێنــن، ناتــەواوە و ڕەنگــە دەســتخەڕۆکەریش بێــت. ئــەوان باسـێکی وردتریـان وروژانـد؛ بـە خسـتنەڕووی پەنـدەکان وەک «ئامـرازی ناکەسـیکردنی پێوەندییـە کەسـییەکان». بـەو مانایـە کاتێـک کەسـێک پەندێـک بـەکار دێنێـت بـۆ ئاڕاسـتەکردنی ڕەفتـار یــان بیرکردنــەوەی یەکێکــی دی، فەرمانــی کەســیی خــۆی دەرەکــی دەکاتــەوە و لــە خــودی خــۆی دووردەخاتــەوە. بــەو جـۆرەش بەرپرسـیارێتیی فەرمانەکـە هەڵناگرێـت. چونکـە ئـەوە فەرمانـی ئاخێوەرەکـە نییـە؛ ئاخێوەرەکـە تەنیـا ئامرازێکـە کـە پەندەکـە لـە ڕێگەیـەوە قسـە لەگـەڵ بەردەنـگ دەکات (Are-wa and Dundes, 1964: 70). بـەو شـێوەیە پێداگیریـی لەسـەر توێژینـەوەی پەنـدەکان دەکرێـت لـە دۆخـی بەکارهێنـان و لـە پانتایـی کۆمەڵایەتیـدا. وەک یەکێـک لـە فۆڕمـە بەهێزەکانـی گواســتنەوەی ئــاکار، بەهــا کولتووریــی و کۆمەڵایەتییــەکان کـە دەتوانـن ڕۆڵێکـی بەرچـاو لـە بەرهەمهێنـان، بوژاندنـەوە، گەشـەپێدانی سـەرمایەی کۆمەڵایەتـی و کولتـووری بگێـڕن و ناکرێـت تەنیـا لـە سـەر ڕێبـازی ئەدەبـی و میتـۆدی سـتاتیکی سـەیریان بکرێـت (Del, et., al., 2021: 7).

مێکوســی پەنــدەکان وەک ســاڕێژکەرێکی بــەردەوام لــە نـاو یۆرۆباکانـی ئەفریقیـا دەخاتـە ڕوو؛ پەنـدەکان ئامرازێکـی ڕزگارکەرانــەن لــە جیهانێکــی پــڕ لــە ئــازار و مەینەتیــدا. پەیامەکەیــان ئەوەیــە کــە دۆخــە ســەختەکان بــەردەوام نابــن، ئــازارەکان ئەزمــوون و ژیریــی دروســتدەکەن، تــرس و دڵەڕاوکــێ، دڕدۆنگــی و نیگەرانییــەکان کــەم دەکەنــەوە. دەرئەنجـام پەنـدەکان بـۆ سـازکردنی دۆخێکـی بەرگەگرتـوو بەکاردەهێنرێــن(Mekusi, ٢٠٠٧: ٣٤).

بەزۆریـی توێـژەران لـە توێژینـەوەی پەندەکانـدا سـەرنجیان لەسـەر کۆمەڵـە ئەرکێـک بـووە نـەک تاکـە ئەرکێـک. ئانیتـا، ئەرکەکانــی ئامۆژگاریکــردن، ئاگادارکردنــەوە، وریاکردنــەوە، ســەرزەنشــت و ڕازیکــردن دیــاری دەکات(Maledo, ٢٠١٦: ٢٠١٥). پەنــدەکان ســیمای فێرکارییــان هەیــە و تێڕوانینێکــی قووڵــی فەلســەفی بــۆ زۆرێــک لــە دیاردەکانــی ژیــان دابینەکـەن. ڕێنمایـی مـرۆڤ دەکـەن؛ فێریـان دەکـەن جیـاوازی بکـەن لـە نێـوان ڕاسـت و هەڵـەدا، ژیانێکـی ڕێکوپێـک بژیـن، پەیوەندییەکــی بــاش لەگــەڵ ئەندامانــی کۆمەڵگــە دروســت بکــەن (Gulimxon, 2022: 11).

بەگوێــرەی مــاک و هاوەڵانــی، پەنــدەکان کایــەی کۆمەڵایەتـی وەک شـێوەیەک لـە دانایـی ڕەسـەن بەرجەسـتە دەکەنــەوە: پەرەپێدانــی وەفــاداری، پتەوکردنــی هــاوکاری نێـوان خەڵـک، پەرەپێدانـی ڕێزگرتـن لـە نێـوان ئەندامانـی کۆمەڵگـەدا، هاندانـی کـردەوە باشـەکان و بنبڕکردنـی ڕەفتـاری خــراپ، پێداگیریــی لەســەر پێوەندییەکانــی هاوماڵێتیــی، فێرکردنــی نــەوەی گەنــج بــە بنەمــا ئاکارییــەکان و سـەرکۆنەکردنی سـەرپێچیکارانی بەهـا کۆمەڵایەتییـەکان(Make, et. al., ٢٠١٤: ٢٤٥). بیسـیلکی و نکامیگبـۆ تێبینیـان کـردووە، یەکێـک دەتوانێـت لەڕێگـەی زۆر بەکارهێنانـی پەندەکانـەوە ناوبانـگ دەربـکات. هەروەهـا گەنجـەکان زیاتـر دەتوانـن سـوود لـە پەنـدەکان وەربگـرن؛ کاتێـک بەرانبـەر گـەورەکان پەندێـک دەڵێـن، بـە دەربڕینەکانـی وەک «ئێـوە گـەورەکان دەڵێـن... دەسـت پـێ دەکـەن»(٢٠١٨: ١١٨). لـە پەندەکانـدا هەمیشــە ڕێزگرتــن لــە گــەورەکان هەیــە، وەک خــاوەن عەقــڵ و ئەزموونــی ڕابــردوو (Mekusi, 2007: 30). لەلایـەن توێژەرانـی دیکـەوە، پەسـندکردنی پیـران بەسـەر گەنجـان وەک ڕەهەندێکـی نەرێنیـی و دژەپێشـڤەچوون لێکدراوەتـەوە کـە ڕێگریــی دەکات لەبــەردەم هــزر و توانــای داهێنەرانــە.

بەپێـی کەرەمـی و هاوەڵانـی (٢٠٢٠)، زۆرترینـی پەنـدەکان لــە کۆمەڵگــەی ئێرانیــدا کــە تــا ئێســتایش دەگوترێنــەوە، دژەپێشـڤەچوون و کاریگەریـی نەرێنـی لەسـەر بیرکردنـەوە و ڕەفتــاری خەڵــک دادەنێــن. یەکێــک لــەو کاریگەرییــە نەرێنییانـە خـۆی لـە پێشخسـتن و پەسـندکردنی پیـران بەسـەر گەنجـان دەبینێتـەوە(Karami, ٢٠٢٠: ٣٢). توێژینەوەیەکـی دی لەمــەڕ پەندەکانــی هەورامــان بانگەشــە دەکات، پەنــدەکان

هەوڵــدەدەن بەهــا عەقڵانــی و گشــتگیرەکان بەرەوپێــش ببــەن. بــەڵام لــە دوو ڕەهەنــدەوە هەوڵــی دژەپێشــڤەچوون/پاشـڤەڕۆییان هەیـە؛ ڕوانگەیەکـی کاتیـی سـنووردار و نەبوونـی هـزری نـوێ و داهێنەرانـە (Abdollahi and Wosoughi, 2013: 28). ئـەو ناوەڕۆکـە لـە پانتاییـی کۆمەڵایەتیـدا پێشـخەریی بـە پیـرەکان دەدات و نـەوە نوێیەکـە پـاش دەخـات.

بــەزۆری توێژینــەوەکان پێداگیریــی لەســەر ئەرکــی پەنــدەکان وەک ئامــرازی کۆنترۆڵــی کۆمەڵایەتــی دەکــەن. ڕونداســا لــە توێژینــەوەی پەندەکانــی ئۆرۆمۆ-گرووپێکــی ئەفریقایــی-، پێداگیــری لەســەر ئەرکەکانــی کولتوورســازی (Acculturation) و کۆنترۆڵــی کۆمەڵایەتــی کــرد. پەنــدەکان بــۆ قووڵکردنــەوەی کولتــووری کۆمەڵگــە بەکاردەهێنرێــن. کاتێکیــش ســەرکۆنەی ڕەفتــارە دژە گرووپییــەکان و ستایشــی ڕەفتـارە گونجـاوەکان دەکـەن، ئامـرازی کۆنترۆڵـی کۆمەڵایەتیـن (Rundassa, 2020: 1494-1495).

توێژینەوەیــەک لــە پەندەکانــی کۆمەڵگــەی پونجابــی دیـاری کـردووە؛ کچـان بـەراورد بـە کـوڕان پـتر بـە ئامانـج گیـراون. کوڕێژگـەکان شـکۆمەندانە دەخرێنـە ڕوو؛ کچۆڵـەکان وەک بــەڵا و بارگرانــی. لایەنگریــی ڕەگــەزی نــەک هــەر ڕەنگدانـەوەی هەیـە، بەڵکـوو لـە ڕێگـەی ئـەم جـۆرە ژانـرە نەریتییــەوە دەپارێزرێــت، بڵاودەکرێتــەوە و بەردەوامیــی پێدەدرێــت (Khan, et, al., 2019: 121).

خولانـەوەی زۆری ئەدەبیاتـی توێژینـەوە بـە دەوری ئەرکـی پەنــدەکان وەک کۆنترۆڵــی کۆمەڵایەتــی، زۆر لــە توێژەرانــی هانـداوە سـەرنج لەسـەر وێنـە و پێگـەی مێینـە لـە پەندەکانـدا چڕبکەنــەوە. لەبەرئەوەیــە کــە بــە ئامانجگرتنــی مێینــە لــە پەندەکانـدا بەڕادەیـەک ڕوونـە کـە بەخـۆی بانگـەوازی خـۆی دەکات.

بیشـواکارما (٢٠٢٠) لـە توێژینـەوەی کاریگەریـی پەنـدەکان لەســەر پێگــەی ژنانــی نیپــاڵ، ڕوونــی کــردەوە پەنــدەکان ئایدیۆلۆژیـای باڵادەسـت دەردەبـڕن و نۆڕمێکـی پەسـندکراوی کولتووریــی هــەڵاواردن لــە دژی ژنــان بــەردەوام دەکــەن (Bishwakarma, 2020: 113). شــیکارییە کۆمەڵناســانەکەی موحـد و هاوەڵانـی، پیشـانی دەدات کـە پەنـدەکان دەرخـەری تێڕوانینــی نەرێنیــی کۆمەڵگــەن لەبەرانبــەر ژن و ئــەو تایبەتمەندییانــەی بــە ژنانــی دەدەن پــتر نەرێنییــن(١٣٩١: ١١٧). توێژینەوەکـەی زوبەیـدی ژنـان وەک بـە ئامانجگیـراوی سـەرەکی لـە پەندەکانـی عێـراق دەخاتـە ڕوو. ژنـان بـە گشـتی لـە گوتـاری پەندئامێـزی عێراقیـدا بـە شـێوەیەکی نەرێنـی وێنـا دەکرێــن؛ پەســندانیی کــوڕ بەســەر کچانــەوە، توندوتیــژی دژی ژنــان، دابەشــکردنی ڕەگەزییانــەی کار و لەکۆتاییــدا باڵاییــی پیــاوان و پێگــەی لاوەکیــی ژنــان دەخەنــە ڕوو (Al-Zubaidi, 2019: 81-82). توێژینەوەیەکــی دی لــە داگســتان دەریخســتووە، هەرچەنــد وێنــەی ژن بەگشــتی نەرێنییــە، بــەڵام پەنــدەکان سروشــتێکی دژیەکیــان هەیــە. هەندێکیــان نوێنەرایەتیــی پیاوســالاری و ئەوانــی دی وێنــەی مێینــە وەک ســەرچاوەی ژیــان پیشــاندەدەن (Gasanova, et., al., 2016: 11886). لـە بەرانبـەردا، توێژەرێکـی دی ئالینگارییـەک دەخاتـە ڕوو؛ تەنانــەت لــە دڵــی ئــەو پەندانــەی کــە لــە ڕووکەشــدا سەرسـامیی کۆمەڵگەیـەک بـە ژنـان دەردەخـەن، دەشـێت بەرژەوەندیـی تایبەتـی پیـاوان و پیلانگێـڕی بـۆ سـنووردارکردنی ژنـان لـە هەندێـک پێگـەی کۆمەڵایەتیـدا بدۆزرێنـەوە (Hussein, 2005: 72).

توێــژەران لەگــەڵ ئــەو بانگەشــەیەی کــە پەنــدەکان دەربــڕی ئایدیۆلۆژیــای زاڵــن، پێداگیریــش دەکــەن لەســەر توانــای پەنــدەکان لــە درێــژەدان بــە ئایدیۆلۆژیــای زاڵ. توێژینەوەیــەک لەنــاو پشــتونەکانی پاکســتان ئامــاژە دەکات کـە پەنـدەکان نـەک هـەر ڕوانگـەی پیاوسـالاریی دەردەخـەن، بەڵکـوو وەک ئامرازێکـی ئایدیۆلـۆژی، پێوەندییـە ڕەگەزییـەکان بەرهـەم دێننـەوە (Sanauddin, 2015: 206). لـەو ڕوانگەیـەوە، ئادێسـیدا لـە توێژینـەوەی پەنـدە ئەفریقییەکانـدا بانگەشـەی پێویسـتیی دەسـتکاری و گونجاندنـەوەی پەنـدە ڕەگەزییـەکان لەگــەڵ بەهــا هاوچەرخــەکان دەکات (Adesida: ٢٠٠٧). هەمـان ئەنجـام و پێشـنیاز لـە کاریگـەری و دەسـتکاریکردنی پەنـدەکان لـە توێژینەوەیـەک لـە گانـا پاتـە کراوەتـەوە (Gyan, et, al. 2020: 1).

هەرچەنـد پەندەکانـی گرووپێکـی وەک ئۆرۆمـۆی ئەفریقیـا وەک چەکێــک بــۆ بندەســتیی ژن و ئامــرازی پیاوســالاری سـەیردەکرێن، بـەڵام توێـژەران باچـا و کوتـۆ پێشـنیازیان کـردووە ئـەو پێداگیرییـە بـە توێژینـەوە لـە ژانـرە فۆلکلۆرییەکانـی دی

بەراورد بکرێت؛ بۆ تاقیکردنەوە و بەدەستهێنانی متمانەپێکراوی لە ئەنجامە بەدەستهاتووەکان لە توێژینەوەی پەندەکاندا (Bacha & Kuto, 2019: 84). بەو مانایەی کە بەراوردکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوە لە ژانرە جیا جیاکانی فۆلکلۆردا، هۆیەک دەبێت بۆ متمانەی زیاتر بەو ئەنجامانەی کە لە توێژینەوەی پەندەکاندا بەدەست هاتوون.

پێوەست بە ئەرکی پەندەکان، ئێرک ئاسلاند بە گەڕانەوە بۆ مرۆناسیی کۆمەڵایەتی (دۆمینگێز باراخاس) پاتەی کردووەتەوە، ئەدەبیاتی توێژینەوەی پەندەکان پشتگیری لە سێ ئەرکی سەرەکی دەکات: پاڵپشتیکردنی گفتوگۆ، فێرکاریی گەنجان(نەوەی نوێ) و سەرخستنی پێوەندی. سێ ئەرکە سەرەکییەکە کۆمەڵە ئەرکێکی لاوەکیی لەخۆدەگرن؛ زۆرترین ئەدەبیاتی کەڵەکەکراو پێوەستن بە دوو ئەرکی یەکەمەوە. کۆمەڵە ئەرکێکی دی وەک زاڵبوون بەسەر کەلێنی نەوەکان، پتەوکردنی بەها هاوبەشەکان و دەربڕینی هاوبەستی لەناو ئەرکی سێیەمدان (Aasland, 2012: 274).

توێژەرانی دی بە سەرنجدان لە سروشتی پەندەکان، هەوڵیان داوە دەستنیشانی کاریگەریی دەربڕینێکی پەندئامێز لەسەر بەردەنگ بکەن، بەراورد بە دەربڕینێکی ئاسایی. بەگوێرەی سێروتی (٢٠٢١)، بەکارهێنانی پەند لە سەرکۆنەکردنی ڕەفتارە نائاکارییەکان کاریگەرترە لە بەکارهێنانی زمانێکی ئاسایی کە هەمان پەیامی پەندەکانی هەیە، بەڵام پەندئامێز نییە (Seruti, 2021: 11). زۆر توێژینەوە هەڵوەستەیان لەسەر خەسڵەتی پێکەنیناویی پەندەکان کردووە. هەندێک لە پەندەکان پشت بە گاڵتەوگەپ دەبەستن بۆ گەیاندنی پەیامێکی جددی، لەکاتێکدا سووکایەتی و بێڕێزیکردن بە ئەوی دی، دەخەنە خانەی گاڵتەوگەپەوە (Brookman-Andoh, et., all., 2022: 465). پەندەکان بە سروشتی گاڵتەئامێزیانەوە دەتوانن کاریگەریی جددی لەسەر بەردەنگ دروست بکەن، لەکاتێکدا ئەرکی ئامۆژگارییان هەیە (Bisilki & Nkamigbo, 2018: 123). وا دەردەکەوێت گاڵتەوگەپ هەمیشە دەرفەتی باشتر دابین بکات لە ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری ڕەفتارکەچان. پەیامەکە ئەوەیە ڕەفتارەکە پەسندکراو نییە، بەڵام ناگاتە ڕادەی نکوڵیکردن و «دەرکردن»ی ڕەفتارکەچەکە لە ڕیزەکانی گرووپ. بە پێچەوانەوە گرووپ ڕەفتارکەچەکە «لەخۆدەگرێتەوە». ئەوە ئاماژەیەکی زۆر گرنگە لە پەندەکاندا کە گوزارشت لە گیانی لێبوردەییی گرووپ بەرانبەر ئەندامەکانی دەکات نەک تۆڵەستێنی. بەو ئاڕاستەیە، توێژینەوەکەی (بن جەمالەدین)، پاتەی دەکاتەوە کە پەندەکان تاوانبار/سەرپێچیکارەکە بەدەرناکەن، بەڵکوو دەیخەنەوە ناو گرووپەوە؛ پەندەکان خزمەت بە پاراستن و پەرەپێدانی هاوبەستیی گرووپ دەکەن (bin Jamaluddin, 2002).

تێگەیشتن لە پەندەکان وەک دەرخەری ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و کولتووری، مامەڵەکردنە لەگەڵ پەندەکان وەک ئامرازێکی میتۆدییانە کە لە ڕێگەیەوە مەعریفە و تێگەیشتن لە گەلەک پرس و مژاری جیا جیا دەستەبەردەکرێت. پەندەکان دیاردەی قووڵی کولتووری و کۆمەڵایەتین، بگرە بنەڕەتە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان دەردەخەن. بەپێی توێژینەوەکەی موحەممەد لە مووسڵ پەندەکان هەمان چەمکە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵناسیی لەخۆدەگرن؛ لەناویاندا خووخدەی کۆمەڵایەتی، ئاژاوە، گونجانی کۆمەڵایەتی، گرووپی سەرەتایی و بەشتکردنی کۆمەڵایەتی(محمد، ٢٠٠٩). ئەو ئەنجامانە، لەپاڵ دەرخستنی قوڵایی کولتووری و کۆمەڵایەتی پەندەکان، پێداگیری لەسەر بەکارهێنانی میتۆدییانەی پەندەکان لە شیکردنەوەی مژار و دیاردە کۆمەڵگەییەکاندا دەکەن.

پەند؛ پەندوەرگرتن، پەندپێدان و بەپەندکردن

پێش هەر شتێک پەندەکان وەک قسە و گوتنێک پێناسە دەکرێن کە لە باپیران، مەزنان و پێشینانەوە سەرچاوە دەگرن. زاراوەی پەند خۆی لە فەرهەنگەکانی زمانی کوردیدا بە چەند جۆرێک مانا کراوەتەوە: کەتن، تەڕن و ئامۆژگاری، (خاڵA، ٢٠٠٥؛ موکریانی، ١٩٩٩؛ Wahby and Edmonds, 1966)، کەتن، سەرکۆنە و گێچەڵ(موکریانی، ١٩٩٩). سووکایەتی و دەرسی تەمێکردن(هەژارA، ٢٠١٣)، عیبرەت (شێخانی، ٢٠٠٩؛ پیندرۆیی، ٢٠٠٩).

لــە زمانــی بــاو و لــە فەرهەنگەکانــی زمانــی کوردیــدا، لانیکــەم ســێ زاراوەی لەپەند-داتــاشراو هــەن: پەندوەرگرتــن، پەندپێــدان و بەپەندکردن/بــردن. هەریەکیــان لــە ڕووی ئــەرک و بــاری کۆمەڵایەتییــەوە دەربــڕی دۆخــی جیــا جیــان.

پەندوەرگرتــن: بنەڕەتێکــی ئامۆژگاریکەرانــە، خۆئەزموونــی و بــەو پێیــەش خۆهۆشــیاری هەیــە. پەندوەرگرتــن وەک لــە گوێگرتنــی ئامــۆژگاری، تەمبێبــوون و ئەزموونوەرگرتن(ناهیــد، ٢٠١١). پەنــدادان وەک ئامــۆژگاری (Wahby and Edmonds, 1966)، بــە عیــبرەت، ئامــۆژگاری و شــیرەت(پیندرۆیی، ٢٠٠٩) ماناکراوەتــەوە. لــەو دۆخــەدا ئاخێــوەر و بەردەنــگ هــەن. ئاخێوەرەکــە ڕووداوێکــی ئەزموونکــراو بــۆ بەردەنــگ دەگوازێتــەوە. نێوانگیریــی دەکات لــە نێــوان وەرگــر و مەعریفەیەکی ئەزموونی. پەندوەرگرتن گوزارشت لە دۆخێکی خۆئەزموونییــش دەکات، کاتێک پەندوەرگر ڕاستەوخۆ تێبینیی دۆخێکی ئەزموونکراو دەکات و بەبێ هیچ نێوانگیرێک پەند/ وانەیــەک لــە ئەزموونێکــەوە وەردەگرێــت کــە دەشــێت وەک ڕووداوێــک بەســەر خــۆی یــان ئەویدیــدا هاتبێــت. کاتێــک یەکێــک بەخــۆی چاودێریــی ڕەفتارەکانــی خــۆی دەکات و پەندێک/وانەیــەک لــە هەڵــەی خــۆی وەردەگرێت دەگوترێــت: «هــەر ئەقڵــەی لــە خەسارەک»(زارعی، ٢٠١٦: ٦٠٥). یــان «هــەر قەزیــاک شــیرەتەکە»(موحەممەدی، ٢٠١٧: ٢١٣٤). یەکێــک خەســارێکی داوە، بــەڵام خەســارەکە وەک وانەیــەک بــەکار دێنێتــەوە. ئــەو، بەخــۆی چاودێریی ڕەفتارەکانی خــۆی دەکات و ئەزموون-مەعریفــە لــە تێکەوتنەکانییــەوە وەردەگرێــت.

پەندپێــدان: خەســڵەتی بەسەرداســەپاندنی هەیــە. پەندپێــدان لــە فەرهەنگەکانــی زمانــدا بــە چەنــد شــێوەیەک ماناکراوەتــەوە: ســەرکۆنەکردن و تەڕنکــردن بــە یەکێک(خــاڵ A، ٢٠٠٥؛ موکریانــی، ١٩٩٩). کارێ بەســەرداهێنان کــە ببێتــە دەرســی تەمبێبوونــی خــۆی و کەســانی دی(ناهیــد، ٢٠١١). فریــودان و گاڵتەپێکردن(هــەژارA، ٢٠١٣). گاڵتەپێکــردن خــۆی شــێوەیەکی ســووککردنە. ئــەو ماناکردنەوەیــە لەنــاو خــودی پەندەکانیشــدا دەدۆزرێتــەوە، وەک ئــەوەی دەگوترێــت: «لاسـاییکەرت بــە پەنــد بێ»(ســەجادی، ٤٠١). واتــە ئەوەیــش کــە پێڕۆییــت دەکات ســووک و ڕیســوا بێــت. هەروەهــا پەنپێــدان وەک «وانــەی تەمبێکردن»(پێندرۆیــی، ٢٠٠٩)

ماناکراوەتــەوە. یەکێــک یەکێکــی دی ناچار دەکات چۆن ڕەفتار بــکات. لــە دۆخێکــی کۆمەڵایەتیــدا کاتێــک یەکێــک ســەرپێچی لــە نــۆرم و پێــوەرەکان دەکات، بــە ســەپاندن ناچــار دەکرێــت پێڕۆیــی لــە نــۆرم و پێــوەرە گرووپییــەکان بــکات.

بەپەندبــوون: کردنــە نموونــە بــۆ ئەوانــی دی. داتاشراوەکانــی بەپەندبــردن و بەپەندکــردن ســەر بــە هەمــان چەمکــن. لــەڕووی هەڕەشــەوە دەگوترێــت «دێ تــە کەمــە پەند»(پێندرۆیــی، ٢٠٠٩). بــە پەندکردنــی یەکێــک وانەیەکــە بــۆ ئەوانــی دی. هــەر تەنیــا ڕەفتارکەچەکــە ئاگەدارناکاتــەوە لــە مەترسیی ســەرپێچیکردن لــە نــۆرم و پێــوەرە کۆمەڵایەتییــەکان، بەڵکــوو بەپەندکــراو وەک نموونەیەکــی نەرێنیــی پیشــانی ئەوانــی دی دەدرێــت. کاتێــک ئەوانی دی تێبینــی چارەنووســی بەپەنکــراو دەکــەن، خۆیــان لەگــەڵ نــۆرم و پێــوەرەکان دەگونجێنــن، بــۆ ئــەوەی تووشــی هەمــان چارەنووســی بەپەندکـراو نەبنــەوە. بەپەندبــوون دۆخێکــە کــە یەکێــک وەک نموونەیەکــی خــراپ و نەرێنیــی پیشــان دەدرێــت. بەپەندکــردن واتــە کاربەســەرهێنانێک کــە ببێتــە نموونەیــەک بــۆ ئەوانــی دی. کاتێــک بــە یەکێکــی لەکــەدار دەگوترێــت «پەنــد و بــاوی بەدواوەیە»(عەلــی، ١٩٨٢: ٨٥). واتــە خراپــی لەبــارەوە دەگوترێت. لــە هــەر بارێکــدا کەسی بەپەندبــوو نموونەیەکــی نەرێنییــە بــۆ ئەوانــی دی.

پەندوەرگرتــن و بەپەندبــوون دوو دۆخــی تــەواو جیــاوازن. یەکەمیــان بــاس لــە کەســێک دەکات کــە لــە ئەزموونــی خــۆی یــان لــە تێبینیکردنــی ئــەو ڕووداو و بابەتانــەی بەســەر ئەوانــی دیکــەدا هاتــووە، پەندێــک وەردەگرێــت. یــان یەکێــک کــە بەشــێوەیەکی نــەرم و ئامۆژگاریکەرانــە پەندێکــی پێــدراوە لەپێنــاو ڕاســتکردنەوەی ڕەفتارەکانــی. لــە بەرانبــەردا بەپەندبــوون و بــە پەندکــردن بــاس لــە کەســێک دەکات کــە بووەتــە هۆیــەک بــۆ وەرگرتنــی پەند/وانەیــەک لەلایــەن ئەوانــی دیکــەوە. بەکورتــی لــە دۆخــی پەندوەرگرتنــدا ئامانجەکــە چاککردنــەوەی ڕەفتــاری ڕەفتارکەچێکــە. گــرووپ هانــی دەدات ڕەفتارەکانــی بگۆڕێــت و خــۆی لەگــەڵ پێــوەرە گرووپییــەکان بگونجێنێــت. بــەڵام، لــە دۆخــی بەپەندبــوون و بەپەندکردنــدا ئامانجەکــە پیشــاندانی نموونەیەکــی نەرێنییــە لــە پێنــاو پابەندکردنــی ئەوانیــدی بــە نــۆرم و پێــوەرە گرووپییــەکان

نـەک هـەر ڕاسـتکردنەوەی ڕەفتارکەچەکـە. بەڵکـوو ڕەفتارکەچەکـە بەشـێوەیەکی سـووک و ڕیسـوا دەخرێتـەڕوو؛ وەک قوربانییـەک لـە پێنـاو مانـەوەی ئەوانیـدی لەسـەر ڕاسـتەڕێیی گـرووپ. سـەرنج بـدە کـە «بەپەندبـردن» وەک «ناموس-بردن»(موکریانـی، ١٩٩٩) مانـا کراوەتـەوە.

پەنـدەکان لـە بەرهەمهێنانیـان و بەکارهێنانیـان زۆر گرێـدراون بـە بونیـادی کۆمەڵایەتییـەوە و ناتوانرێـت لـە دەرەوەی ژینگـەی کۆمەڵایەتـی شـیبکرێنەوە.

ڕاستیی چەسپاو

پەنـدەکان وەک دەربڕینێـک دەناسرێنـەوە کـە لـە باپیـران، مەزنـان و پێشـینانەوە سـەرچاوە دەگـرن. لـەو چوارچێوەیـەدا، هەندێـک پەنـد هـەن لـە کۆکراوەکانـدا کـە ڕاسـتەوخۆ هەڵوەسـتە لەسـەر بەهـای قسـەیەک دەکـەن کـە لـە باپیـران، مەزنـان و پێشـینانەوە گوتـراون و دەگێڕدرێنـەوە.

پەنـدەکان گوتـە و گوتراوەکانـی باپیـران و پێشـینان وەک ڕاسـتییەکی نەگـۆڕ و چەسـپاو دەخەنـە ڕوو کـە ئەندامانـی گرووپ/کۆمەڵگـە دەبێـت پیرۆیـی لـە پەیامەکانیـان بکـەن و لـە ڕەفتـار و هەڵسـوکەوتی خۆیانـدا کردەنییـان بکەنـەوە.

یەکێـک لـە بەربڵاوتریـن ئـەو پەنـدە خۆناسـێنەرانەی کـە بـە نزیکـەی لـە تێکـڕای کۆکراوەکانـی پەنـددا پاتـە دەبێتـەوە، ئەوەیـە کـە پەنـد یـان گوتراوەکانـی پێشـینان بـە نەخشـی سـەر بـەرد پێناسـە دەکات: «قسـەی مەزنـان نەقشـە لـە بەردان»(زارعـی، ٢٠١٦: ٤١٥؛ قـادر، ٢٠١٢: ٢٣٢). یـان «گوتنێـن مەزنـا نەقشـێن بەرانە»(دێرشـەوی، ١٩٨٠: ٢٤٨؛ عەلـی، ٢٠٠٦: ١٠٦). لـە دەربڕینێکـی دیکـەدا «قسـەی پێشـینان وەک نەقشـی دیـوار وایە»(خـاڵB، ٢٠٠٦: ٢٨٩).

نەخشـی سـەر بـەرد هێمایـە بـۆ ڕاسـتییەکی نەگـۆڕ، جێگـر و چەسـپاو. بەردەکـە خەسـڵەتی بەرگەگرتوویـی هەیـە. ئـەوەش تەنانـەت لەسـەر بـەرد هەڵدەکۆڵدرێـت، خەسـڵەتی بەردەکـەی بـۆ دەگوازرێتـەوە: ڕەقێتیـی، بەرگەگرتوویـی و نەگۆڕایـی. کەواتـە ئـەو ڕاسـتییەی لـە پەندەکانـدا هەیـە خەسـڵەتێکی هەرمانـی هەیـە. ئـەو ڕاسـتییە وەک مەعریفـە لـە ڕێگـەی پەندەکانـەوە لـە نەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیەکـی دی دەگوازرێتـەوە: «قسـەی بـاوکان بـۆ کـوڕان سـەنەدە»(زارعی، ٢٠١٦: ٤١٤؛ قـادر، ٢٠١٢: ٢٣٣). سـەنەدەکە ڕاسـتییەکی چەسـپاو و چەندوچـوون هەڵنەگـرە. ڕێنموونـی نـەوەی نـوێ دەکات کـە دەبێـت چـۆن هەڵسـوکەوت بکـەن: «گوتنێـت مەزنـان نەخـش و شـیرەتن»(زارعی، ٢٠١٦: ٤٧٧). بـەو جـۆرە پەنـدەکان چەسـپایی و بنەمـای ڕێنموونیـی و شـیرەتکارانەی خۆیـان ڕوون دەکەنـەوە.

مـادام پەنـدەکان ڕاسـتییەکی نەگـۆڕ و چەسـپاویان هەڵگرتـووە، کەواتـە هـەر سـەرپێچی و وەلانانێـک، چـاوەڕوان دەکرێـت سـەرپێچیکارەکە تووشـی سـزا و مەینەتـی بـکات. پەنـدەکان بـە ڕاشـکاوی مەترسـییەکانی سـەرپێچیکردن لـە قسـەی مەزنـان ڕادەگەیەنـن کـە لـە خـودی پەندەکانـدا بەرجەسـتەکراونەتەوە:

هەر کەس نەیکرد بە قسەی گەوران
بە قنگەوە کەوتە ناو کەندەڵان
(موحەممەدی ٢٠١٧: ١٤٥٧).

حەچی نەکت ب خەبەرێ مەزنا
وێ پێڤا بێن دۆ شاخێن بزنا
(دێرشەوی، ١٩٨٠: ٨٨).

لـە یەکەمیانـدا، سـەرپێچیکارەکە تووشـی مەینەتـی دەبێـت و لـە گوزارشـتکردنی دووەمیانـدا مەینەتییەکـە گەورەتـر دەکرێتـەوە؛ کاتێـک لەحالەتـی سـەرپێچیکردن لـەو ڕێوشـوێنەی پەنـدەکان دەستنیشـانیانکردووە، سـەرپێچیکار لـە مـرۆڤ دەکەوێـت و دەبێـت بـە ئـاژەڵ. ئـەوە هەڕەشـەیەکی کـەم نییـە لەسـەر ئەوانـەی ڕەچـاوی پەیامـی پەنـدەکان ناکـەن و لـە ڕەفتـار و هەڵسـوکەوتیاندا کردەنـی ناکەنـەوە.

بـەو شـێوەیە، پەنـدەکان لەلایـەک هەڵگـری ڕاسـتییەکی ئەزموونکـراو و تاقیکـراوەن کـە لـە پێشـینانەوە درێژدەبنـەوە، لەلایەکـی دی توانـای بڕیـاردان و داوەریکردنیـان لەسـەر خەڵـک و ڕەفتارەکانیـان هەیـە.

پەند و ئەزموون

پەنـدەکان خەسـڵەتی بڕیـاردەری، هەڵسـەنگێنەری و داوەرییکردنیـان هەیـە. بـەڵام هـەر لەبەرئـەوەی کـە باپیـران گوتوویانـە و دەیڵێـن، هێـزی پێویسـت دابیـن نـاکات بـۆ پابەندێتیـی خەڵـک بـە ناوەڕۆکەکەیـان یـان ڕێکخسـتنی

بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانیان. ئەو ڕاستییە هانمان دەدات بۆ پرسیارکردن لە سەرچاوەی هێزی پەندەکان کە پێوەستە بە قسەکردن لەسەر ڕێگاکانی دروستکردنی پەندەکان. بەوەش نەک هەر بیرکردنەوە لەو خەڵکانەی پەندەکانیان بەرهەمهێناون، بەڵکوو لە چۆنیەتیی بەرهەمهێنانیان و ئەو لۆژیکەی لە پشتیانەوە هەیە.

هێزی داوەریکردنی پەندەکان پێویستی بە ڕەوایەتپێدانی زیاتر هەیە بە ئاڕاستەی ڕەزامەندیی خەڵک بە پەسندکردنیان وەک ڕاستییەکی چەسپاو. لەو بارەدا پەندەکان بانگەوازی عەقڵانیەتی پەیامەکەیان بە سەرچاوەگرتن لە ئەزموون و تاقیکراوەیی پاساودەدەنەوە.

لە دەربڕینی کوردیدا بەگشتی پەند و وانە وەک هاومانا بەکار دێن. «پەندێکی وەرگرت» واتە «وانەیەکی وەرگرت». ئەو وانەیە بریتییە لە مەعریفەیەک کە لە ئەزموونێک وەرگیراوە و دەتوانرێت بۆ ئەوانی دی بگوازرێتەوە. لە هەڵگێڕانەوەی ئەو هاوکێشەیەدا، دەتوانین پرۆسەی دروستبوونی پەندەکە و ناوەڕۆکەکەی بە سادەیی بخەینەڕوو: ١. هەبوونی ئەزموونێکی تێبینیکراو؛ ٢. ئەزموونەکە مەعریفەیەک دروست دەکات؛ ٣. مەعریفەکە وانەیەکە(وەک فێربوون؛ تێگەیشتن لە دۆخ و بابەتێک)؛ ٤. لە کۆتاییدا گەڵاڵەبوونی پەندێک کە ئەزموون و وانەیەکی مەعریفی دەگێڕێتەوە.

بەو ئاڕاستەیە فەلسەفەیەکی قووڵی ئەزموونی لە پشت پەندەکان هەیە. پەندەکان ئەزموون و مەعریفە وەک دوانەیەکی دانەبڕاو دەخەنە ڕوو. هەروەک پێداگیری لەسەر بایەخی «ئەزموون» لە ژیانی مرۆڤدا دەکەن. «ڕاستی» شتێکە کە پێشتر ئەزموونکراوە و لە تاقیکردنەوەدا دەرچووە. «عەقڵم نییە، تەجرەبەم هەس»(زارعی، ٢٠١٦: ٣٩٦). پەندەکە لە کارلێک و پێوەندیدا بەشێوەی تەوس دەگوترێت. یەکێک بانگەشەی ئەوە دەکات عەقڵی نییە، بەڵام ئەزموونی هەیە. ئەزموون خۆی ژیری بەرهەم دێنێت. تێپەڕبوون بە ئەزموونێک ئەگەر شکست و نەرێنییش بێت، مەعریفەیەک دروست دەکات. پەندێکی بەربڵاو هەیە: «خوەزیا ب ئاقلێ پاشی!»(دێرشەوی، ١٩٨٠: ٩٣)، واتە خۆزگە بەو عەقڵ یان تێگەیشتنەی کە پاش تێپەڕبوون بە ئەزموونێک پەیدا دەبێت. «خۆزگەخوازیی» نیشاندەرێکە بۆ تێپەڕبوون بە ئەزموونێک کە لە شکستەوە دێت: «هەر عەقڵەی لە خەسارێک»(سەرسیڤی، ٢٠١٠: ٩٥). یان دەگوترێت لە «هەر کەنێ، پەنێ» بە مانای «لە هەر کەندێ، پەندێ»(موحەممەدی، ٢٠١٧: ٢١٣٤). لەو دەربڕینەدا «پەندێک» بە مانای «ئەزموونێک» یان «مەعریفەیەک» دێت کە لە کەوتن و شکستییەک پەیدا دەبێت.

پەندوەگر دەشێت مەعریفە لە ئەزموونی خۆیەوە وەربگرێت: «سوار تا نەگلێ نابێ بە سوار»(سەرسیڤی، ٢٠١٠: ٧٣). کردارێکی خۆئەزموونییە؛ پەندوەگر لە ئەزموونی خۆیەوە مەعریفەیەک وەردەگرێت. پەندەکە هەر بەهای ئەزموون بەرز ناکاتەوە، بەڵکوو لەو دۆخانەدا دەگوترێت کە یەکێک تووشی شکستێک بووە و بەرانبەرەکەی لە ڕووی نیەتپاکییەوە دەیدوێنێت و هیوای بۆ دروست دەکاتەوە؛ لەسەر ئەو بنەمایەی کە کەوتنەکەی ئەزموونێکە چۆنیەتی نەکەوتنی فێردەکات. پەندەکە بەردەنگ هاندەدات نەک هەر بەرگەی شکستێک بگرێت، بەڵکوو پیشانی دەدات کە شکستەکە وەک ئەزموون لە بەهێزکردنی خۆیدا بەکار بێنێتەوە.

بارێکی دیکەش هەیە کاتێک پەندوەرگر ئەزموونێک وەردەگرێت لە تێبینیکردنی ئەو دۆخەی ئەویدی پێیدا تێپەڕبووە: «ئەقلی ل بێ ئەقلا بگرە»(زارعی، ٢٠١٦: ٧٥). پەندەکە بەڕوونی بەردەنگ هاندەدات لە پێگەی «تێبینیکەر»دا بمێنێتەوە. وەرگرتنی عەقڵ لە بێ عەقڵ تەنیا کاتێک دێتەکایەوە کە یەکێک تێبینی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی بێ عەقڵەکە دەکات. لە دۆخێکی کۆمەڵایەتیدا، بێ عەقڵەکە هەڵە/سەرپێچی دەکات و ئەویدی لە ئەنجامدا وانەیەک وەردەگرێت. تێبینیکردن وەک ئامرازی دەستخستنی زانیاریی، وردبوونەوەیەکی بەهێزی سۆسیۆلۆگییە لە پەندەکاندا. یەکێک هەڵە و سەرپێچی دەکات و ئەوانی دی لە تێبینیکردنی چارەنووسی سەرپێچیکارەوە فێردەبن هەڵەکە دووبارە نەکەنەوە. ئەوان وەک «تێبینکەر» لە ڕێگەی تێبینیکردنی چارەنووسی ڕەفتارکەچ و سەرپێچیکارەکەوە فێردەبن ڕاستی لە چەوت،

باش لە خراپ و پەسند لە ناپەسند جیا بکەنەوە.

زۆر پەند بایەخی ئەزموون لە ژیانی مرۆڤ پاتە دەکەنەوە: «ئاخر من کراسێ لە تۆ زیاترم دڕیگە»(سەرسیڤی، ٢٠١٠: ٢؛ سەجادیA، ٢٠١٠: ٨). دەربڕینی میتافۆڕییانەی «کراسێکی زیاترم دڕاندووە»، بە مانای ئەزموونی زیاترم هەیە. پەندەکە لە دۆخێکی مشتومڕئامێزدا دەگوترێت. یەکێک بۆ پاڵپشتیکردن لە ڕەوایەتی قسەکەی، بانگەشەی هەبوونی ئەزموونی زیاتر دەکات. پەندەکە هەر پێداگریی کەسێکی خاوەن ئەزموون نییە، بەڵکوو خودی ناوەڕۆک/پەیامی پەندەکە بایەخی «ئەزموون» بەرز دەکاتەوە. لەو دۆخەدا ناتوانرێت هەموو سەرنجمان لەسەر بەکارهێنەری پەندەکە یان ئەرکی پەندەکە لە دۆخی گفتوگۆدا چڕ بکەینەوە، بەو مانایەی پەندبێژەکە چۆن سوود لە هێزی پەندەکە وەردەگرێت بۆ یەکلاکردنەوەی مشتومڕێک. دەبێت سەرنج لە پەیامی پەندەکە بدرێت کە پێداگرییە لەسەر بایەخی ئەزموون و خودی ئەزموونەکە کە ناوەڕۆکی پەندەکەیە، هێز بە پەندبێژەکە وەک خاوەن ئەزموون دەدات. بەو شێوەیە پەندەکان سنووردارییەک لەتوانای بەکارهێنانیان دەستنیشان دەکەن.

بەدەربڕینێکی دی، پەندبێژیی دۆخێکە کە ئاخێوەرێک لە میانی ئاخاوتندا پەندێک دەئاخنێتە ناو ئاخاوتنەکەیەوە. پەندەکە خۆی کۆدێکی کولتوورییە و بەهایەکی کۆیی هەیە. هێزی بەها کۆییەکە لەسەر بەردەنگ چەندوچوون هەڵناگرێت، بەڵام ئەوە وا بەسادەیی ناگوزەرێت. هێزی کۆدە کولتوورییەکە، لە ناوەڕۆکی پەندەکەدا بەرجەستەکراوەتەوە. بەرزنرخاندنی «ئەزموون» ناوەڕۆکی پەندەکەیە. لەکاتێکدا خودی ئەزموون لە ئاستێکی کۆییدا بەهادارکراوە. واتە کۆدەنگیی گرووپ لەسەر بایەخی ئەزموون کە ناوەڕۆکی پەندەکەیە، هێزی پەندەکە لەسەر بەردەنگ دیاری دەکات. لەبەرئەوە قورسە بەبێ گەڕانەوە بۆ ناوەڕۆکی پەندەکە، قسە لەسەر ئەرکەکانی لە گوتاردا بکرێت.

ئەو پەندانەی پێوەست بە بایەخی ئەزموون لە ژیانی مرۆڤدا دەگوترێن، لە فۆڕمی دیکەشدا خۆیان دەنوێننەوە: «ڕیشم لەبەر هەتاو سپی نەکردووە»(خاڵB، ٢٠٠٦: ٢٢٥). بە لێکدانەوەی شێخ محەمەدی خاڵ «یەکێکی دنیادیدەی شارەزا ئەیڵێ کە لە هەموو نەریتێکی ڕۆژگار گەیشتبێ»(خاڵB، ٢٠٠٦: ٢٢٥). یان دەگوترێت «قژم لە ئاسیاوا چەرمگ نەکردگە!»(ڕوخزادی، ٢٠٠٦: ٢٧٢). یەکێک بە تەوسەوە دەڵێت مووە سپییەکانی سەری نیشانەی پیرییە و تۆزی ئاردی لەسەر نەنیشتووە. پیری بە ئەزموون پێناسە دەکرێت و پەندبێژەکە بانگەشەی ئەوە دەکات کە لەڕووی ئەزموونەوە قسە دەکات. پەندەکە وەک چۆن لە ناوەڕۆکدا بانگەواز بۆ بایەخی ئەزموون دەکات، ئەوها لە دۆخەکانی مشتومڕ و گفتوگۆدا ڕەچاوی هەبوونی ئەزموون دەکرێت. مادام هەبوونی ئەزموون دەتوانێت پاڵپشتی بۆ یەکێک دەستەبەر بکات، کەواتە ئەزموون خۆی زۆر گرێدراوە بە دیاریکردنی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە.

پێداگیریی پەندەکان لە سەر ئەزموون لە باوەڕبوون بە هەڵهێنجانی مەعریفە لە واقیعییەوە دێت: «پیاو قوتابییە و ڕۆژگار مامۆستا»(زارعی، ٢٠١٦: ١٧٧). پێوەستە بە ئەزموون و تاقیکردنەوە لە ژیانی مرۆڤ، لە کارلێک و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا. ئەو پەندانە باوەڕبوون بە ئەزموونی کۆمەڵایەتی وەک سەرچاوەی مەعریفە پاتە دەکەنەوە. مەعریفە لە ئاسمانەوە نایەت، بەڵکوو لە ڕێگەی ئەزموون و بە قاڵبوونەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەدەستدێت.

ڕوانگەی هەڵهێنجانی مەعریفە لە واقیعەوە، بەتایبەت لە دۆخی پەندەکاندا تا ئەو شوێنە درێژدەبێتەوە کە هەر پەندێک بۆ ڕووداو و سەرهاتێک بگێڕدرێتەوە. بەوەش پەند و ئەزموون دەبن بە یەکێک. سەرنج بدە «پەندێکی وەرگرت» بە مانای «ئەزموونێکی وەرگرت». لە پشت هەر پەندێک، ڕووداو و بەسەرهاتێک هەیە(سەجادیB، ٢٠١٠: ١٤٠). بەپێی «نەقابەی مامۆستایان» دوو جۆر چیرۆکی فۆلکلۆری هەیە: یەکێکیان ئەو چیرۆکەیە «پەند»ی لێ وەرگیراوە(نەقابەی مامۆستایان، ٢٠٠٩: ٢٠). سەرهاتەکان وانەیەکن بۆ خەڵک کە هانیان دەدەن بەرەو کارێک یان خۆیانی لێ دووربخەنەوە(عەلی، ٢٠٠٦: ١٢). پێداگیرییەکی بەهێز هەیە کە چیرۆک و سەرهاتی پشت پەندەکان «لە وێنەی گاڵتەپێکردن و گاڵتەکردندان»(ڕەسوڵ، ١٩٧٠: ٧٨). لەو

چوارچێوەیەدا، خەلیل محەمەدی (٢٦٥) نوکتە و سەرهاتی پێکەنیناوی خستووەتەڕوو لەگەڵ ئەو پەندانەی لێیانەوە وەرگیراون. عومەر شێخەڵا دەشتەکی (٢٠٠٦) دەیان پەند و چیرۆکە گاڵتەوگەپییەکانی تۆمارکردوون. ئەو ڕاستییە گیانی نوکتەبازی بە پەندەکان داوە(عەلی، ١٩٨٢: ٢٨). خاڵی گرنگ گێڕانەوەی پەندەکانە بۆ سەرهات و ڕووداوێکی بەزۆری واقیعی کە توانای گێڕانەوەی هەیە. گێڕانەوە، پیشاندانەوەی زارەکییانەی ڕووداوە.

ئێستا ئەوەی پەندەکان بانگەشەی بۆ دەکەن بە هەڵهێنجانی مەعریفە لە واقیعەوە، بەسەر خودی پرۆسەی دروستبوونی پەندەکانیشدا دەچەسپێت. پەندەکە خۆی نوێنەرایەتیی ڕووداوێکی ئەزموونکراو دەکات و لە شێوەی سەرهات، چیرۆک یان گێڕانەوەیەکی گاڵتەوگەپیدا پیشانی دەداتەوە. ئەوە جارێکی دی پێوەستبوونێک لە نێوان پەند و ئەزموون دروست دەکات کە توانای متمانەپێکراویی و ڕەوایەتیی پەندەکە وەک ڕاستییەکی تاقیکراوە بەرزدەکاتەوە. پەندەکە وەک لە ناوەڕۆکدا دیدگایەکی واقیعی و ئەزموونی پێشدەخات، خۆیشی لە ئەزموونێکەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەوە هاندەر دەبێت لە وەرگرتن و پەسندکردنی پەیامە مەعریفییەکەی. پەندەکان هەر تەنیا مەعریفەیەکی پەتی ناخەنەڕوو کە زۆرجار داوەری لەسەر خەڵک و ڕەفتارەکانی دەکات، بەڵکوو پێمان دەڵێن ئەو مەعریفەیە هەڵهێنجراوی ئەزموونە و پێشتر تاقیکراوەتەوە؛ لەبەرئەوە ڕاستییەکی چەسپاو.

چیرۆکی پشت پەندەکە، بریتییە لە پیشاندان و خستنەڕووی ئەو ڕووداوەی ئەزموونەکەی لێوەرگیراوە و بەهۆیەوە مەعریفەیەک دەستبەرکراوە. پەندەکەش مەعریفەیەکی پوختە. چیرۆکەکە زەمینەسازی دەکات بۆ هەڵسەنگاندن و پێکگرتن لە نێوان ڕووداوێکی ئەزموونکراو لەگەڵ دۆخێکی هاوشێوە کە لە سەروبەندی ڕوودانداییە و بەهۆیەوە پەندەکە دەگوترێت. پەندەکان ئەنجامگیریی ڕووداوە ئەزموونکراوەکانن و لەسەر ئەو بنەمایەش چەند تواناییەکی کرداری بەرجەستە دەکەنەوە: بەراوردکردن، پێکگرتن، هەڵسەنگێنەری (هەڵسەنگاندنی بابەتێک لە سەروبەندی ڕوودان لەگەڵ ڕووداوێکی ئەزموونکراو).

بەکورتی پەندەکان ڕووداوێک دەخەنە ڕوو کە پێشتر ئەزموونکراوە و ئەنجامەکەی دەرکەوتووە. ئێستا ئەو ئەنجامە دەرکەوتووە دەتوانرێت بەراورد بکرێت یان ڕووداو و بابەتێکی هاوشێوەی پێ هەڵبسەنگێنرێت. بەدەربڕینێکی دی، پەندەکان لەبەرئەوەی لە ڕاستییەکی ئەزموونکراوەوە هاتوون، دەتوانن داوەری بکەن لەسەر دۆخ و دیاردە هەنووکەییەکان بەپێی ئەو ئەنجامانەی کە پێشتر لە دۆخ و دیاردەی ئەزموونکراوی هاوشێوەیەدا بەدەستهاتوون.

لەسەر ئەو بنەمایەش ناتوانرێت ئەو تێگەیشتنە بەشێوەیەکی ڕەها وەربگیرێت کە بە سەرنجدان لە ئامادەییی ئایدیۆلۆژیای باو لە ناوەڕۆکی پەندەکاندا، پەندەکان وەک گیرکردنی مرۆڤ لە ڕابردوودا شیدەکاتەوە. پەندەکان ئەوەندەش پاشڤەڕۆنین، لەکاتێکدا لەڕێگەی مەعریفەکی ئەزموونکراو کە لە ڕابردوویەکەوە دێت، سەرنجی بەردەنگ لەسەر ئێستا چڕ دەکەنەوە یان بەرەو داهاتوو ئاڕاستەی دەکەن.

پیر وەک جۆرێکی کۆمەڵایەتی

پەندەکان پیر وەک جۆرێکی کۆمەڵایەتی دەناسێنن کە پێگەی تایبەتی لە کۆمەڵگە و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. ئەو بە ئەزموونە و بەو پێیەش خودانی ڕاستی و مەعریفەیە. لەبەرئەوە وەک ڕێنیشاندەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵ دەگێڕێت.

دوانەی پیر و پەند لە دەربڕینی کوردیدا باوە. بەزۆری «پەندی پیران» دەگوترێت. «پەندی پیرانە بەڵێ/ جوان دەبێ لە پیر هەڵێ»(سەجادیC، ٢٠٢٠: ١٢٢). یان وەک هەژار دەڵێ:

بیستوومە لە کۆنەپیاوان

پەندی پیران لەسەر چاوان(هەژارB، ٢٠٠٩: ١٣٥).

کاتێک باسی پیرەکە دەکرێت، پێناسەیەکی سادە و تاک-ڕوانگە هەیە؛ ئەو یەکێکە تەمەنی هەڵکشاوە. بەڵام پێناسەکردنی پیرەکە بە ژماردنی ساڵەکانی تەمەنی، ناساندنی بایۆلۆژییانەی مرۆڤە. ئەو پێناسەیەش لەگەڵ ڕوانگەی پێشنیازکراوی کۆمەڵناسیی پەندەکاندا ناکۆکە. پێداگیری پەندەکان ئەوەیە کە «پیری بە عومر ناژمێردرێ»(زارعی،

٢٠١٦: ١٨١). بانگەشەکە لە ڕوانگەی وردی کۆمەڵناسیی پەندەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. پەندەکان دەڵێن پیری بە تەمەن پێناسە ناکرێت، بەڵکوو بە ئەزموون. تەمەن تەنیا گوزارشت لە بوونی بایۆلۆژیی مرۆڤ دەکات و بوونە کۆمەڵایەتییەکەش بە ئەزموونەوە گرێدراوە: «پیر لە پیری نییە لە سەرگوزشتەییە» (زارعی، ٢٠١٦: ١٨٠؛ سەجادیA، ٢٠١٠: ١٢٨).

پیرەکە کاتێک وەک جۆرێکی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکرێت کە بە کرداری بە ئەزموون و تاقیکردنەوەدا تێپەڕبووبێت و لەو ڕێگەیەوە مەعریفەی دەستکەوتبێت: «گۆتنێ پیرێ تە ئاقل ئان ژی سەربۆر، گۆتی هەکە سەربۆر بسەرێ من هاتن ئەز دێ بئاقل کەڤم»(عەلی، ٢٠٠٦: ١٠٦). پەندەکە نەک ئەوەی بەسادەیی بانگەواز بۆ پیرەکە وەک جۆرێکی کۆمەڵایەتی دەکات، بەڵکوو پێداگیری لەسەر ئەزموون وەک سەرچاوەی بەدەستهێنانی ژیریی/مەعریفە دەکات. لەبەرئەوە کاتێک پرسیاری عەقڵ و سەرهات لە پیرەکە دەکرێت، وەڵامەکەی ئەوەیە کە ئەگەر سەرهاتی هەبێت، عەقڵ و ژیریشی دەبێت. پەندەکە لە دۆخێکدا دەگوترێت کە بانگەشەی ئەزموونی تێدا دەکرێت. ئاخێوەرەکە پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە مەعریفە لە سەرهات و ئەزموونەوە دەستدەکەوێت. دیسان لەبەرئەوەی پیرەکە وەک خاوەن سەرهات و سەرگوزشتە پێناسە دەکرێت، چاوەڕوانکراوە مەعریفەی هەبێت.

لە هەر دۆخێکدا پەندەکان لە پێشخستنی پاشخانی ئەزموونیی پیرەکە وریامان دەکەنەوە «پیر لە پیری مەڕوانە، لە هەوڵ و داوی بڕوانە»(خاڵB، ٢٠٠٦: ١٢٢). پیرەکە لە درێژاییی ژیانی خۆیاندا بەناو گەلەک ئەزموون و تاقیکردنەوەدا تێپەڕبووە. لەبەرئەوە زۆرترین مەعریفە و ڕاستیی لەکن هەیە. «پیر زۆری وا لە ژێر چەناگەیا»(سەجادیA، ٢٠١٠: ٢٩٠). واتە پیرەکە قسەی زۆری هەیە بۆ گوتن، ئەوە پێوەستبوونێک لە نێوان پیری و ئاخێوەری وەک پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دێنێتە ئارا.

ئەو کەسێکە توانای جیاکردنەوەی ڕاست و هەڵە، باش و خراپ، پەسند و ناپەسندەکانی هەیە. ئەو دۆخە سەرمایەیەکی مەعنەوی و کۆمەڵایەتی بۆ پیرەکە دەستەبەر دەکات: «قەڵەڕەشی پیر بە هەڵە ناقیڕێنێ»(کاکەیی، ٢٠٠٨: ١٣١). کەواتە پیرەکە ڕاستوێژە و هەڵەگۆ نییە. بە لێکدانەوەی کاکەیی پەیامی پەندەکە ئەوەیە: «مرۆڤی دیدە ساڵ خاوەنی ئەزموونە، بۆیە دەبێت بەگوێی بکەین و ئامۆژگارییەکانی قبوڵ بکەین»(٢٠٠٨: ١٣١). لە دۆخی ئاخاوتندا پەندبێژەکە ئامۆژگاریی بەردەنگ دەکات بە ڕەچاوی پیران.

پێگەی کۆمەڵایەتی پیرەکە زۆر گرێدراوە بە ژیرییەوە. پێویستە پیرەکە لە ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی ژیاندا مەعریفەی وەرگرت بێت. ئەوکات دەبێت بەو جۆرە کۆمەڵایەتییەی کە بە ژیری پێناسە دەکرێت: «پیری و ژیری»(سەجادیA، ٢٠١٠: ١٢٨). پیرە ژیرەکە بەوەش دەناسرێتەوە کە هەڵەشە نییە: «پیرە، بە ڕا و تەگبیرە»(خاڵB، ٢٠٠٦: ١٢٢). ڕاوێژ و تەگبیر پەسندانێکی زۆری هەیە لە دۆزینەوە و دەستکەوتنی ڕاستییدا: «پرسا بە و دانا بە»(ڕوخزادی، ٢٠٠٦: ١١٠). هەر ئەو پێداگیرییەی کە دانایی لە پرسایی(پرسکەریی)ەوە دێت، بانگەشەی پەندەکەیە بۆ پێویستیی مرۆڤ بە ژیان لەناو گرووپ و لەپاڵ ئەویدی. «بە پرسیاران دەچیتە هەموو شاران»(سەرسیڤی، ٢٠١٠: ٣٣). ڕەچاوکردنی ئەویدی، هاندانی ڕوونی پەندەکانە بۆ مانەوە لەپاڵ گرووپدا. هەروەها بنەڕەتی ئامۆژگاریکەرانەی پەندەکان ڕوون دەکاتەوە؛ لەپاڵ دڵسۆزییەک لە ئاخێوەرەوە بۆ بەردەنگ.

ئەگەر هەر بە سادەیی هەموو سەرنجەکەمان لەسەر پێویستیی پرسکەری چڕبکەینەوە کە مانا و بانگەوازی ئاشکرای پەندەکەیە، هێشتا پەندەکانی دی ڕێوشوێن دابین دەکەن کە دەبێت لە کن کێ سۆراخی ڕاستی بکرێت: «پرسیار بکە ژ خۆرتێن گەڕیایی ژ پیرێت زەمانی»(زارعی، ٢٠١٦: ١٧٠). یان دەگوترێت «لە زۆر ژیاوان مەپرسە، لە زۆر گەڕاوان بپرسە» (سەرسیڤی، ٢٠١٠: ٨٦). ئەو پەندانە لە دۆخێکدا دەگوترێن کە پەندبێژەکە هەوڵدەدات ئامۆژگاریی بەردەنگ بکات لە دۆزینەوەی ڕاستییەکاندا. بەکورتی ئەوەی ئەزموون و سەرهاتی هەیە، واتە مەعریفەی هەیە و دەکرێت لە سۆراخکردنی ڕاستیدا ڕەچاوبکرێت. بەڵام جگە لە پیرەکە کە مەعریفەی خۆی لە تاقیکردنەوە و

ئەزموونەکانی ژیان وەرگرتووە، باوەڕپێکراوێکی دیکەش هەیە؛ گەنجێکی بزۆک/گەڕۆک. ئەوەی پێناسە دەکرێت بە: «بە تەمەن جحێڵ و بە ئەقڵ پیر»(سەرسیڤی، ٢٠١٠: ٣٣). ئەو یەکێکە لە ئەنجامی زۆرگەڕایی و بزۆکیی خۆیدا، ئەزموون و تاقیکردنەوەی وەرگرتووە. سەرچاوەی مەعریفەکەی دیسان گرێدراوی ئەزموونە چ بەشێوەی خۆئەزموونی یان وەرگرتنی ئەزموون لە ئەوانی دی کە لە ڕەوتی گەڕاوی خۆی پێیان گەیشتووە.

تەمەن یارمەتیدەرە لە دروستبوونی پیر وەک جۆرێکی کۆمەڵایەتی. لەبەرئەوەی دەرفەتی زۆربینین، ئەزموون و تاقیکردنەوەی پتر دەدات. لە بەرانبەردا گەنجە بزۆکەکەش بە زۆرگەڕایی قەرەبووی ئەو دەرفەتانە دەکاتەوە کە تەمەنێکی درێژ دەستەبەریان دەکات. لە پێداگیرییەکی دیکەدا «گەورەیی بە عەقڵە نەک بە ساڵ» (سەجادیA، ٢٠١٠: ١٢٩؛ کاکەیی، ٢٠٠٨: ١٧٠؛ خاڵB، ٢٠٠٦: ٢٠٠). پەندەکە دەتوانێت هەردوو جۆرە کۆمەڵایەتییەکە لەخۆبگرێت؛ پیرەکە و گەنجە بزۆکەکە. بەڵام پەسندانی گەنجەکە وەک ژیر هێشتا زۆر دەگمەنە بەراورد بە ژمارەیەکی زۆری پەند کە عەقڵانیەتی گەنجەکە دەخەنە ژێر پرسیارەوە: «ئاقلێ کوری ب تەیرارا فری» یان «ئاقلێ کوری سە تێ بری»(دێرشەوی، ١٩٨٠: ١٤-١٥). پەندەکان بەڕوونی بەراورد لە نێوان پیر و گەنجەکە دەکەن و بە ئاراستەی پەسندانیی پیرەکە خزمەت دەکەن: «ئەوەی لاو لە ئاوێنە دەیبینێ، پیر لە خشتی کاڵدا دەیبینێ»(سەرسیڤی، ٢٠١٠: ٢٦). لەو بەراوردەی پەندەکان لە نێوان پیر و گەنجەکەدا دەیکەن، هەردەم پێشخەری بە پیرەکە دەدرێت. دواجار ڕێنماییی پەندەکان ڕەچاوکردنی پیرەکەیە: «سەرێ خوە هەر بدە دیوارێن کەڤن»(دێرشەوی، ١٩٨٠: ١٩٦). پەندەکان پێداگیری دەکەن لەسەر پێگەی ئاخێوەری بۆ پیران و مانەوەی گەنجان لە پێگەی گوێڕایەڵی.

پەندەکان لە قۆناغێک سەرچاوە دەگرن کە جەستە بایەخی تەواوی لە دیاریکردنی پێگەی کۆمەڵایەتیدا هەیە. توانای جەستەیی لە کۆمەڵگەی نەریتیدا یەکێکە لە جیاکەرەوە بەهێزەکانی ژن و پیاو. باڵایی بە پیاو و پێگەی لاوەکی بە ژن دەدات. لە دۆخێکی دیکەدا پیرەکە یەکێکە کە توانا جەستەییەکەی لە کورتیی داوە. کەواتە ئەگەر پیربوون و پیریەتی لە جەستەدا کورت بکرێتەوە- ڕوانگە بایۆلۆژییەکە-، دەبێت پێگەی پیرەکە دابەزێت. بەڵام پێچەوانەکەی ڕوودەدات و پێگەکەی هەڵدەکشێت. لەبەرئەوەیە کە پیرەکە لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە سەیر دەکرێت.

پەندەکان ئەو لایەنە-گرێدراو بە توانای جەستەیی- لە پیرەکەدا فەرامۆش ناکەن. بەڵام کاتێک ئەو ڕوانگە ناکۆمەڵایەتییە پێشدەخەن، پیرەکە یەکێکە لە پێگەی بەزەییەوە پێناسە دەکرێت نەک ڕێزگیرایی: «پیری و سەد عەیب»(خاڵB، ٢٠٠٦: ١٢٢). ئەو جەستە داهێزراوە، دەبێت ئەوانی دی بەزەییان پێدابێتەوە. بەزەیی هەمیشە گرێدراوی پێگە لاوازەکەیە، لەکاتێکدا ڕێز لەگەڵ پێگە بەهێزەکە دێت. بە دەربڕینێکی دی کاتێک لە ڕوانگەی بایۆلۆژییەوە سەیری پیرەکە دەکرێت، «یەکێکە پێویستی بە ئەوانی دی هەیە». بەڵام کاتێک پەندەکان پیرەکە وەک جۆرێکی کۆمەڵایەتی دەخەنە ڕوو، «یەکێکە ئەوانی دی پێویستیان پێی هەیە». ڕوانگە بایۆلۆژییەکە وەک «پشتپێبەستوو» پێناسەی پیرەکە دەکات و ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکە وەک «پشتپێبەستراو».

بەپێی لۆژیکی پەندەکان، پیر وەک جۆرێکی کۆمەڵایەتی کە خودانی ئەزموون و مەعریفەیە، دەتوانێت ڕێنموونی نەوەکانی ئێستا بکات؛ باش و خراپ، ڕاست و هەڵەیان بۆ جیابکاتەوە. دڵنیاییان پێدەدات ئەوان تەواو لەسەر ڕێگە ڕاستەکە دەڕۆن. بەو شێوەیە بەرژەوەندی نەوەکان دەپارێزێت. ڕێگە نادات بکەونە چاڵەکەوە.

پەندەکان بەتوندی بانگەشەی بایەخی پیر لە ژیانی گرووپ/کۆمەڵگە دەکەن. پێداگیرییەکە بەڕادەیەکە کە هەر گرووپێک پێویستی بە پیرێک هەیە: «پیرت نییە، پیرێ بسێنە!»(زارعی، ٢٠١٦: ١٨٠). یان «هەرکەس پیری نییە، پیرێ بسێنێ»(ڕوخزادی، ٢٠٠٦: ٤١٧). بانگەشەکە لەسەر ئەو بنەمایەیە کە گرووپ بەبێ هەبوونی پیرێک کە ڕێنموونیی و ڕێبەرایەتیی بکات، تووشی مەترسی و نەهامەتی دەبێت. لە پێداگیرییەکی دیکەدا: «ئەوەی پیرێکی نەبێ، پوولێکی نایێ»(قادر، ٢٠١٢: ٢٣). لە ئاستێکی سنووردارتری وەک خێزان «پیر کۆڵەکەی ماڵییە»(موحەممەدی، ٢٠١٧: ١٧٢١).

لــە پەســندانێکی زۆر تایبەتــدا: «خــوا لــە مــووی ســپی شــەرم دەکات»(موحەممــەدی، ٢٠١٧: ١٩٢٦؛ ســەجادیA، ٢٠١٠: ٢٠٦).

هەمـــوو ئـــەو پەندانـــە ڕۆڵـــی پیـــر وەک جۆرێکـــی کۆمەڵایەتـــی لــە ژیانــی گــرووپ و کۆمەڵگــەدا دەردەخــەن. دەتوانرێـت وەک نیشـاندەرێکی پیرسـالاریی (Gerontocracy) لــە کۆمەڵگــەی کوردەواریـــدا لێکبدرێنـــەوە، بـــەڵام هێشـــتا پەنــدەکان پەســـندانێکی کوێرانـــەی پیرەکـــە نیـــن، بەڵکـــوو پێگــەی بــەرزی پیرەکــە گرێــدراوی ئەزمــوون و مەعریفەیــە. ئــەوەش وەک پێشــمەرجی «پیربـــوون» لــە زۆر پەنــددا پاتەکراوەتــەوە. پیرەکــە وەک عەقڵــی گــرووپ ڕۆڵ دەگێڕێــت و خزمــەت بــە نــەوەی نوێ/گەنجــان دەکات کــە لەســەر ڕێگــە ڕاســتەکە بــڕۆن. هەروەهــا، یەکێــک لــە ئامرازەکانــی پیرەکــە بــۆ ڕێنموونــی نــەوە نوێیەکــە، خــودی پەندەکانــن کــە وەک کۆدێکـــی کولتـــووری جێگیرکـــراون و ئەزموون-مەعریفـــە لـــە نەوەیەکـــەوە بـــۆ نەوەیەکـــی دی دەگوازنـــەوە.

پەندبێژ وەک ڕاگەیەنەری گرووپ

جارێــک کۆکەرەوەیەکــی پەنــد و ئیدیۆمــە کوردییــەکان گوتــی «(پەندەکــە) یاریــدەت دەدات کــە ڕای خــۆت بەرامبــەر شــتێک، ناحەزێکــت دەرببڕیــت لەکاتێکــدا کــە تــۆ ناتەوێــت ڕەپ و ڕاســت بیڵێیت»(عەلــی، ١٩٨٢: ١٧). کەواتــە، لــە دۆخــی پەندبێژییـــدا، ئاخێـــوەر فۆڕمێکـــی قســـەکردن دادەمەزرێـــت کــە هیـــچ بەرپرســـیارێتییەکی تایبـــەت و تاکەکەســـی لەمـــەڕ ئاخێوەرەکـــە تێـــدا نییـــە، چونکـــە ئـــەو تەنیـــا ڕاگەیەنـــەرە. بەپێــی لۆژیکــی پەندەکانیــش ئــەوەی قســەیەک دەگێڕێتــەوە/ دەگوازێتـــەوە، بەرپرســـیارێتی ئاکاریـــی قســـەکەی لەســـەر ناکەوێــت: «نەقڵــی کفــر، کفــر نییــە» یــان «بــە گوتنــی ئاگــر زمــان ناسووتێ»(ســەجادیA، ٢٠١٠: ١٠٣). هــەردوو پەندەکــە مەبەســتێکیان هەیــە. ئاخێوەرەکــە هەمــان بەرهەمهێنــی ئــەو قســەیە نییــە کــە دەیگێڕێتــەوە و بــەو پێیــەش بەرپرســیارێتیی قســەکەی لەســەر نییــە. بەدەربرینێکــی دی پەندبێــژ فەرمانــدەر نییــە، ڕاگەیەنــەرە. بەکارهێنانی پەنــد لــە گفتوگــۆ و قســەکردندا، مەودایــەک لــە نێــوان ئاخێــوەر و بەئامانجگیــراوی پەندەکــە دروســت دەکات کــە ئەگــەری کاردانــەوەی بەئامانجگیــراو بەرانبــەر بــە ئاخێوەرەکــە ســنووردار دەکات.

پەنــد خــۆی هەڵگــر و دەربــڕی بەهایەکــی کۆییــە. ئاخێــوەر بــە گوتنــی پەنــد، بەهایەکــی کۆیــی و گرووپیــی ناوەکــی دەکاتــەوە. بــەوەش پەندبێژیــی کردارێکــی «خۆبەکۆکــردن»ە. لــەو پرۆســەیەدا پەندبێــژ تاکێتیــی خــۆی بــۆ کۆ(گــرووپ) جێدێڵێــت. کــرداری خۆبەکۆیــی ناســنامەی ڕاگەیەنەریــی بــە پەندبێژەکــە دەدات نــەک فەرمانکــەری. ئــەو پەیامــی گــرووپ ڕادەگەیەنێــت؛ پەندبێژەکــە جــاڕدەری گرووپــە نــەک پاشــا.

کەواتــە هێنانــەوەی پەندێــک لــە دۆخەکانــی گفتوگــۆدا، پرســـیارێکی پڕبایـــەخ دروســـت دەکات؛ خەڵـــکان بۆچـــی لـــە گفتوگـۆدا پەنـد بـەکار دێنـن؟ بەدەربڕینێکـی دی ئەرکەکانـی پەنــد لــە گفتوگــۆ و کارلێکــی کۆمەڵایەتیــدا چیــن؟ بەدڵنیاییــی بەبێ تێگەیشتن لە پەندەکە خۆی، ناتوانرێت وەڵام بدرێتەوە. دەبێــت لەبیرمــان بێــت کــە پەنــدەکان دەربــڕ و هەڵگــری بەهـــا هاوبەشـــەکانن؛ گوزارشـــتن لەبەهـــا کولتوورییـــەکان و ســـتانداردەکانی گـــرووپ.

لـەو ڕوانگەیـەوە کاتێـک یەکێـک لـە گفتوگـۆ و قسـەکردندا پەندێــک دەڵێــت، ئاســایی ســوود لــە هێزیــی کۆمەڵایەتــی و کولتوورییـــی پەندەکـــە وەردەگرێـــت بـــۆ یەکلاکردنـــەوەی مشـــتومڕێک یـــان ســـەلماندنی قســـەیەک. ناتوانرێـــت نکوڵـــی لـــەو ڕاســـتییە بکرێـــت، بـــەڵام ئـــەوە تەنیـــا یەکێـــک لـــە ئەرکەکانـــی بەکارهێنانـــی پەنـــدە لـــە گفتوگـــۆدا.

پەندبێژەکــە بــە گوتنــی پەندێــک، دەچێتــە ســەر پێگەیەکــی کۆیی/گرووپیــی. بــەڵام لەبەرئــەوەی پەندەکــە خــۆی گوزارشــتە لــە بەهایەکــی کۆیــی، پەندبێژەکــە پێــش هــەر شــتێک بەهــای کۆییــی پەندەکــە لەخۆیــدا ناوەکــی و بەرجەســتە دەکاتــەوە؛ پاشــان بانگهێشــتی بەردەنــگ دەکات بــۆ پابەندبــوون بــە بەهــا کۆییەکــە.

پەندبێـــژی ئاخاوتنـــی گرووپـــە لـــە زاری پەندبێـــژەوە. بـــەو جـــۆرەش گوزارشـــت لـــە «دەڵێـــن» دەکات، نـــەک گوتنێکـــی تاکەکەســییانە. زۆرجاریــش کەســێک کــە لــە میانــەی گفتوگــۆدا پەندێــک دێنێتــەوە، بــە دەســتەواژەکانی وەک «پێشــینان دەڵێــن یـــان مەزنـــا دبێـــژن» دەســـتپێدەکات و بەدوایـــدا پەندەکـــە دەڵێت(ســـەجادیD، ٢٠١٣: ١٥٨). بـــەوەش ڕوانگەیەکـــی «ســـەربار» بـــۆ ئەرکـــی پەنـــدەکان دابیـــن دەکات کـــە بیـــری بەردەنـــگ دەخاتـــەوە ئـــەوەی لـــە زمانـــی ئاخێوەرەکـــەوە

دەردەبڕدرێت بریتییە لە بەهایەک، پێوەرێک یان فەرمان و داوەریکردنێکی گرووپی.

بەگشتی ئێمە لەبەردەم سێ شێوە دەربڕینی نەریتیین لە پێش گوتنی پەندێکدا: «پێشینان دەڵێن»، «مەزنان دبێژن» یان هەر «دەڵێن» بە تەنیا. هەرسێ دەربڕینەکە وەک تەواوکەری ئەرکی پەندەکە خزمەت دەکەن. پەندەکان لە بنەڕەتدا کۆدی کولتوورییەن، دەربڕی بەها هاوبەشەکان و ستانداردەکانی گرووپەن. ئەو بەها و پێوەرانە لە پێشینەی قووڵی گرووپەوە سەرچاوەیان گرتووە. پێوەستکردنەوەی پەندەکان بە پێشینان، مەزنان و دەڵێن(خەسڵەتی کۆییی هەیە)، دوورخستنەوەی گوتنەکەیە لە ئاخێوەرەکە و لەسەر ئەو بنەمایەش ئاخێوەرەکە لە پێگەی پەندبێژییدا، خۆی لە بەرپرسیارێتیی قسەکە(فەرمان و داوەریکردنی پەندەکە) دووردەخاتەوە و بەردەنگ لەگەڵ گرووپ ڕووبەڕوو دەکاتەوە. لەو دۆخەدا پەندبێژەکە خۆی وەک هۆیەک دەخاتە ڕوو کە لە ڕێگەیەوە گرووپ دەپەیڤێت. بەڵام، پەندبێژیی کرداریی «ناوەکیکردنەوەی فەرمان»ە، پێش ئەوەی وەک ئامرازی «دەرەکیکردنەوەی فەرمان» پێناسە بکرێت.

کردارەکانی ناوەکیکردنەوە و دەرەکیکردنەوەی فەرمان نوێنەرایەتیی دوو ڕوانگەی جیاواز دەکەن. دەرەکیکردنەوەی فەرمان، ڕوانگەیەکی «تاک-ئاڕاستە»یە. هەڵوەستە لەسەر ئەو تاکەکەسە دەکات پەندەکە دەڵێت. ڕوونتر، لە سەرنجدانی ئاخێوەر/پەندبێژەوە بۆ پەندەکە دەچێت. لەو ڕوانگەیەشدا خودی پەندەکە(وەک بەهای کۆیی) ئامادەییەکی پەراوێز و لاوەکیی هەیە.

ڕوانگە تاک-ئاڕاستەکە، هێزی بەها کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکان یان هەر هێزی کۆمەڵگە بەگشتی لەسەر تاک کەم دەکاتەوە. لەو کلاوڕۆژنەیەوە سەیر دەکات کە چۆن یەکێک دەتوانێت سوود لە هێزێکی کۆیی وەربگرێت لە بەهێزکردن و پاڵپشتیکردنی خۆیدا. ڕوانگەی تاک-ئاڕاستە زیاتر گوزارشت لە کردارێکی تاکتیکی دەکات تا بە ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی لە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەوە. بەڵام، پەندەکە تەنیا «ئامراز»ێک نییە بۆ گۆڕینی فەرمانی تاکەکەس بە گرووپ، بەڵکوو بەهایەکی گرووپییە.

هێشتا ئەگەر لە ڕوانگەی دەرەکیکردنەوەی فەرمانەوە سەیری پەندبێژیی بکەین، تەنانەت بەو ئاڕاستەیەی کە پەندبێژەکە فەرمانی کۆیی پەندەکە لە خۆیدا ناوەکی ناکاتەوە و تەنیا بەشێوەیەکی تاکتیکی وەک نواندنێکی ساختە، فەرمانە کۆییەکە بۆ سەرخستنی گفتوگۆیەک بەکار دێنێت، ناتوانین چاوپۆشی لەو ڕاستییە بکەین کە ئەو هێزە کۆییەی لە پەندەکەدا هەیە، کاریگەریی گرووپ لەسەر بەردەنگ دەسەلمێنێت. پەندبێژەکە وا بیر دەکاتەوە ئەگەر بە ڕێگەی فەرمانێکی کۆییەوە بانگهێشتی بەردەنگ بکات، ڕەزامەندیی بەردەنگ بەدەست دێنێت. بە پێچەوانەوە ناچار بە پشتبەستن بە فەرمانی کۆیی نییە. پەندبێژەکە خۆیشی لەژێر کاریگەریی گرووپ/کۆمەڵگەیە و هەروەک دادان بە کاریگەریی کۆمەڵگە لەسەر بەردەنگ دەنێت.

ڕوانگەی دەرەکیکردنەوەی فەرمان کورت دێنێت. پێویست بە پێشخستنی ڕوانگەیەکی جێگرەوە دەکات کە لە کرداری «پەند-ئاڕاستە»دا خۆدەنوێنێت. ڕوانگەی «پەند-ئاڕاستە» لە سەرنجدانی پەندەکانەوە بۆ تاکەکەس(ئاخێوەر/پەندبێژ) درێژدەبێتەوە. لەو دۆخەدا پەندەکە وەک بەهایەکی گرووپیی/کۆمەڵگەیی پێشدەخرێت. پەندبێژەکە خۆی ئەندامێکی گرووپە و پێڕۆیی لە بەهاکانی گرووپەکەی دەکات. پەندبێژ لە ناوەکییکردنەوەی بەها گرووپییەکەدا، پێش ئەوەی داوای پابەندێتیی پێوەرەکانی گرووپ لە ئەویدی بکات، پێوەرە گرووپییەکان بەسەر خۆیدا دەچەسپێنێت. دەربڕینی پەندەکە پێش ئەوەی بانگەوازێکی ڕوو لە دەرەوە بێت، لەناو خودی بانگەشەکارەکە بەرجەستەکراوەتەوە. لەسەر ئەو بنەمایە، یەکێک کە زۆرترین پەند لە قسەکانیدا بەکار دێنێت، زۆرترین پابەندێتیی خۆی بە بەها و پێوەرەکانی گرووپ ڕادەگەیەنێت.

دەرەکیکردنەوەی فەرمان، وەڵامی کاریگەریی گرووپ/کۆمەڵگە لەسەر تاک ناداتەوە. بەڵام دەتوانرێت بەشێوەیەکی کاریگەرانە هەموار بکرێتەوە. پەندبێژەکە بە گوتنی پەندێک، مەودای نێوان خۆی و بەردەنگ بەرین دەکات، بەڵام بە بارتەقای بەرینکردنی مەودا لە نێوان خۆی و بەردەنگدا، مەودای نێوان بەردەنگ و گرووپ کەم دەکاتەوە. ئەو بە پێشێلکردنی تاکێتیی خۆی، بەردەنگ

بەرەو گرووپ هاندەدات. بەو ئاڕاستەیە، پەندبێژەكە یەكێكە بە نوێنەرایەتیی گرووپ بانگهێشتی ئەندامان دەكات بۆ پابەندبوون بە بەها كۆییەكان. لەسەر ئەو بنەمایەش پەندەكان بە ئاڕاستەی كۆدەنگی و هاوبەستیی گرووپ خزمەت دەكەن.

ئەنجام

پەندەكان هەڵگری فەلسەفە و ڕوانگەیەكی واقیعیین. بایەخی ئەزموون لە ژیانی مرۆڤدا بەرزدەكەنەوە وەك شێوەیەكی كرداریی لە بەدەستهێنانی مەعریفە.

پەندەكان پەسندیی ئەنجامە ئەزموونكراوەكان دەدەن كە لە واقیعەوە هەڵهێنجراون و وەك ڕاستییەكی چەسپاو بانگەشەی بۆ دەكەن.

پەندەكان فرەئەركن. دەربڕی بەها هاوبەشەكان و ستانداردەكانی گرووپن. ڕێنموونیی، ئامۆژگاری و سەركۆنەی سەرپێچیكارانی بەها گرووپییەكان دەكەن و بەو پێیەش خزمەت بە كۆدەنگی و هاوبەستیی گرووپ دەكەن.

پەندبێژی ناوەكیكردنەوەی فەرمانێكی كۆیی/گرووپیە. لەسەر ئەو بنەمایەش كاریگەریی گرووپ/كۆمەڵگە لەسەر تاك دەسەلمێنێت.

بەكارهێنانی پەند لە دۆخەكانی گفتوگۆدا، دامەزراندنی فۆڕمێكی پێوەندیكردنە كە وا دەردەخات ئاخێوەرەكە نوێنەرایەتیی گرووپ دەكات؛ لەڕێگەی ناوەكیكردنەوە و بەرجەستەكردنەوەی بەها كۆییەكانەوە بانگهێشتیی ئەندامان دەكات بۆ پابەندبوون بە ستانداردەكانی گرووپ.

پەندەكان بە گرنگییەوە لە پێگەی پیر دەڕوانن و وەك جۆرێكی كۆمەڵایەتی دەیخەنەڕوو كە ئەزموون و مەعریفەی هەیە و دەتوانێت ڕێنموونیی نەوە نوێیەكە بكات. پەندەكان پێشخەری بە پیرەكە دەدەن لە پێگەی ئاخێوەرییدا و گوێڕایەڵی لە نەوەی نوێ/گەنجان داوا دەكەن.

پێوەستبوونی پیر و پەند، لە گرێدراویی نێوان ئەزموون و پەند دروست دەبێت و پێناسەی مەعریفەیەكی ئەزموونیی دەكات. پیرەكە بە ئەزموون پێناسە دەكرێت. ئەو، جۆرێكی كۆمەڵایەتییە كە دەتوانێت ڕێنموونیی نەوەی نوێ بكات و وەك پارێزەریی گرووپ ڕۆڵ دەگێڕێت.

سەرچاوەكان:

سەرچاوە كوردییەكان

بێكەس، شێركۆ. «ئاسک (شانۆگەرییەكی شیعرییە لە پێنج تابلۆدا)»، بەغدا: كۆڕی زانیاریی كورد، ١٩٧٨.

پێندرۆیی، محەمەد ساڵح. «فەرهەنگا كانی.» هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم، ٢٠٠٩.

خاڵA، شێخ محەمەد. «فەرهەنگی خاڵ.» هەولێر: دەزگای ئاراس، ٢٠٠٥.

خاڵB، شێخ محەمەد. «پەندی پێشینان.» سلێمانی: سەردەم، ٢٠٠٦.

دێرشەوی، مەلا مەحموود. مشتاخا چیا ژ گوتنێن پێشیا، بەغدا: چاپخانەی شەفەق، ١٩٨٠.

دەشتەكی، عومەر شێخەڵڵا. «پەندی كوردی- چیرۆكەكەی.» هەولێر: بڵاوكراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٦.

ڕوخزادی، عەلی. «گوارەی كوردەواری-پەند و قسەی نەستەق.» سنە: چاپخانەی كوردستان، ٢٠٠٦.

ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا. «لێكۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی.» بەغدا: دار الجاحظ، ١٩٧٠.

زارعی، ئیسماعل. «فەرهەنگی پەندی كوردی». كەرەج: چاپەمەنی مانگ، ٢٠١٦.

سەجادیA، سەید عەبدولحەمید حیرەت. «پەندی پێشینان». هەولێر: دەزگای ئاراس، ٢٠١٠.

سەجادیB، عەلائەدین، مێژووی ئەدەبی كوردی. سنە: بڵاوكردنەوەی كوردستان، ٢٠١٠.

سەجادیC، عەلائەدین. ڕشتەی مرواری، بەرگی یەكەم، سنە: بڵاوكردنەوەی كوردستان، ٢٠٢٠.

سەجادیD، عەلائەدین، دەقەكانی ئەدەبی كوردی، سنە: بڵاوكردنەوەی كوردستان، ٢٠١٣.

سەرسیڤی، ڕەزا. «پەندی پێشینانی كوردی-مەسەل، مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی كوردی.» سنە: ناوەندی بڵاوكردنەوەی گوتار، ٢٠١٠.

شێخانی، عەبدولوەهاب. «فەرهەنگی شێخانی.» دهۆک: چاپخانەی خانی، ٢٠٠٩.

عەلی، جەلال مەحمود. «ئیدیۆم لە زمانی كوردیدا.» بەغداد: چاپخانەی حسام، ١٩٨٢.

عەلی، عایشە محەمەد. «گۆتن و جڤاک.» هەولێر: دەزگای ئاراس، ٢٠٠٦.

قـادر، محەمـەد مـەلا. «پەندنامـەی ئـاوارە.» هەولێـر: دەزگای ئـاراس، ٢٠١٢.

کاکەیـی، هەردەوێـڵ. «پەنـدی پێشـینان و قسـەی نەسـتەق لـە ناوچـەی کەرکووکـدا.» هەولێـر: دەزگای ئـاراس، ٢٠٠٨.

محەمـەدی، خەلیـل. «زەردەی دەم کـەل.» سـنە: زانکـۆی کوردسـتان، ٢٠١٧.

موکریانـی، گیـوی. «فەرهەنگـی کوردسـتان». هەولێـر: دەزگای ئـاراس. ١٩٩٩.

ناهیـد، محەمـەد. «فەرهەنگـی ناهیـد.» هەولێـر: چاپخانـەی حاجـی هاشـم، ٢٠١١.

نەقابـەی مامۆسـتایان. «سـەرنجێک لـە دەروازەی فۆلکلـۆری کـوردەوە.» هەولێـر: دەزگای ئـاراس، ٢٠٠٩.

هـەژارA، عەبدولڕەحـمان شـەرەفکەندی. «هەنبانـە بۆرینـە.» تهـران: ئینتشـارات سروش، ٢٠١٣.

هـەژارB. «بـۆ کوردسـتان.» هەولێـر: چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە، ٢٠٠٩.

سەرچاوە فارسییەکان

موحـد، مجیـد، محمدجـواد عسـکري چـاوردي و زهـرا یادعلـی. ١٣٩١. تحلیلـی جامعهشـناختی از ضرب المثـل هـاي زنانـه در شهرسـتان لامـرد اسـتان فـارس. زن در فرهنـگ و هـنر، (٤)٢: ١٠١-١٢٠.

سەرچاوە عەرەبییەکان

تهـراني، حسـن دادخـواه، محمـود ابادانـان مهـدی زاده و امنـه خزاعـل. ٢٠٢٢. دراسـة الأمثـال والحكـم في مجمـع الأمثـال للميـداني وتحليلهـا وفقـا للسـيميائية الاجتماعيـة. مجلـة الكليـة الإسـلامية الجامعـة، (١)٦٥: ٩١-١١٨.

محمـد، ريـم أيـوب. ٢٠٠٩. مصطلحـات علـم الاجتـماع مـن خـلال المثـل الشـعبي الموصـلي. آداب الرافديـن ٣٩(٥٤).

سەرچاوە ئینگلیزییەکان

Aasland, E., 2012. The Function of Proverbs in Discourse: The Case of a Mexican Transnational Social Network.

ABDOLLAHI, A. and Wosoughi, M., 2013. A Sociological Study of the Culture of Development in Hawrami Proverbs.

Adesida, A.A., 2007. Proverbs and masculinity: A stylistic analysis of select gendered proverbs. In *The Nigerian Academic Forum: A Multidisciplinary Journal* (Vol. 13, No. 3).

Al-Zubaidi, N.A., 2019. Woman stereotypes and patriarchal hegemony: A feminist stylistics analysis of iraqi folk proverbs. *Alustath Journal for Human and Social Sciences*, 1)*58*), pp.84-67.

Arega, E.E., The Social Implications of Some Wolaita Proverbs on Children. International Journal of African and Asian Studies, vol. 32. Pp. 22-17.

Arewa, E.O. and Dundes, A., 1964. Proverbs and the ethnography of speaking folklore. American Anthropologist, 6)66), pp.85-70.

Asmi, N., Jazadi, I. and Solihin, S., 2023. Using Picture-Based Sumbawa Proverbs to Increase Students' Ability in Explaining Social Phenomena in English. JIIP-Jurnal Ilmiah Ilmu Pendidikan, 2)6), pp.1051-1044.

Bacha, A. and Kuto, L., 2019. Women and Men in Arsi Oromo Proverbs: an Implication for Gender Equality. Kafaah: Journal of Gender Studies, 1)9), pp.86-74.

bin Jamaluddin, I., 2002. The privatisation of Port Klang Authority: The implications for management practices, industrial relations and regulatory capacity. The University of Manchester (United Kingdom).

Bishwakarma, G., 2020. The Role of Nepalese Proverbs in Perpetuating Gendered Cultural Values. Advances in Applied Sociology, 4)10), pp.114-103.

Bisilki, A.K. and Nkamigbo, L.C., 2018. A Sociolinguistic and Literary Analysis of the Proverb in Likpakpaln 'Konkomba'. Journal Of Linguistics, Language and Culture, 1)4), pp. 136-102.

Brookman-Andoh, G., Afrifa-Yamoah, D., Opoku-Asare, N.A., Gyekye-Ampofo, M. and Slippe, D.P., 2022. Humorously Illuminating yet Insulting: A Feminist Deconstruction of Selected Asante Proverbs. Open Journal of Social Sciences, 13)10), pp.466-457.

Seruti, A.D.A., 2021. Popular Saying and Moral Judgment: The Influence of Proverbs on Moral Intuitions (Doctoral dissertation, Universidade de Lisboa (Portugal)).

Del, H.Z., Bassak, H. and Hesar, J.M.G., 2021. A study of socio-cultural elements in common proverbs in Khorasan Razavi with emphasis on Kashmar city. Propositos y Representaciones, 9, pp.8-1.

Gasanova, M., Magomedova, P. and Gasanova, S.,

Make, M., Kabede, A. and Alemayehu, F., 2014. The social implications of Wolaita proverbs: Functional analysis. International Journal of Languages and Literatures, 1)2), pp.246-225.

Maledo, E.A., 2016. A sociolinguistic analysis of Urhobo proverbs (M. diss, University of Nigeria).

Mekusi, B., 2007. World and woe: a sociological reading of proverbs as an enduring therapy among the Yorubas. Indilinga African Journal of Indigenous Knowledge Systems, 1)6), pp.36-26.

Rundassa, A. W., 2020 Oromo Proverbs: The Analysis of Context, Value, and Syntax, International Journal of Innovative Science and Research Technology, 8)5), pp. 1500-1489.

Sanauddin, N., 2015. Proverbs and patriarchy: analysis of linguistic sexism and gender relations among the Pashtuns of Pakistan (Doctoral dissertation, University of Glasgow).

wahby, taufiq and c. j. edmonds. "A Kurdish-English Dictionary." New Yourk, Oxford University Press, 1966.

2016. Linguoculturological Analysis of Woman's Image in the Proverbs and Sayings of the Dagestan Languages. International Journal of Environmental and Science Education, 18)11), pp.11887-11869.

Gulimxon, B., 2022. Proverbs and their functions. Ta'lim fidoyilari, 1)24),pp.18-9.

Gyan, C., Abbey, E. and Baffoe, M., 2020. Proverbs and patriarchy: Analysis of linguistic prejudice and representation of women in traditional Akan communities of Ghana. Social sciences, 3)9), p.22.

Hussein, J.W., 2005. The social and ethno-cultural construction of masculinity and femininity in African proverbs. African study monographs, 2)26), pp.87-59.

Karami, F., Seifollahi, S. and Navabakhsh, M., 2020. Iranian Folklore, Proverbs and Aspiration for Development. IAU International Journal of Social Sciences, 2)10), pp.33-19.

Khan, L.A. and Awan, M.S., 2019. Gendering the Childhood: A Feminist Critique of Asymmetries Found in Punjabi Proverbs. Journal of Humanities & Social Sciences (Pakistan), 1)27).

## ملخص

هـذا البحـث يقـف عـلى جملـة مـن المثـل الكورديـة بنـاء عـلى منهـج الخطـاب التحليـلي؛ لغـرض تحديـد تأثـير المثـل ودافعـه وكيفيـة إتيـان ضرب الأمثـال في العلاقـات الاجتماعيـة واحتكاكاتهـا، وكذلـك إظهـار المصلحـة علـم اجتـماع في البحـث عـن المثـل. فالبحـث يقـدم تدقيقـا في الآيديلوجيـا التـي تبنـى عليهـا الأمثـال. فهـذه الأمثـال أخـذت مـن مجموعـات رصينـة بنـاء عـلى المنهـج الكيفـي، وقـف الباحـث عـلى حـوالي ٤٦ مثـلا كورديـا في العـرض والتحليـل. هـذا البحـث خلافـا للتعامـل مـع الأمثـال كاجـزاء متقطعـة، يخلـق رابطـا بينهـم..
نتائـج البحـث هـذا اسـتنتجت بنـاء عـلى التركيـز في مصـادر معرفـة الأمثـال في واقـع مجـرب، وتحديـد فعاليـة الأمثـال وقوتهـا وتأثيرهـا عـلى النـاس. التجربـة عرفـت كالعقـل والمعرفـة، وبنـاء عـلى هـذا المبـدأ يحـدد الموقـع الاجتماعـي. في الحقيقـة الأمثـال تقـدم الرجـل الكبـير في العمـر كنـوع اجتماعـي مميـز والـذي لـه أكـبر تجربـة وحـوادث في مسـيرة الحيـاة، بحيـث حصـل عـلى أكـبر قـدر مـن المعرفـة والتـي تسـاعده في توجيـه الجيـل الجديـد ويظهـر كقائـد وراعـي للجماعـة، فبنـاء عـلى هـذه الحقيقـة، فـإن هـذه الأمثـال تعمـل عـلى ابقـاء هـذا الشـيخ في موقـع التوجيـه والقيـادة وتضـع الشـباب في موقـع الإطاعـة والامتثـال. كـما أن الأمثـال تعتـبر احـدى وسـائل الشـيوخ في توجيـه الجيـل الجديـد والحفـاظ عـلى الجماعـة، تعتـبر ضـارب المثـل عـن طريـق تفعيـل الأوامـر الداخليـة للجماعـة بحيـث تخـدم التشـبيك والإجـماع فيـما بينهـم.

الكلمات المفتاحية: المثل، الشيخ، المعرفة التجريبية، علم اجتماع الأمثال، تحليل الخطاب.

## Abstract

This research focuses on a number of Kurdish proverbs based on discourse analysis method. In order to identify the motives and effects of proverbs and proverbialists in social interaction; Accordingly, demonstrating the interest of sociology in the study of proverbs. The study offers an insight into the ideology on which the proverbs have been formed. Examples of proverbs are drawn from several original collections following a qualitative approach. (46) Proverbs are given in the course of analysis. Instead of treating the proverbs as separate pieces, the study creates a connection between the proverbs.
The results obtained from the study, by insisting on the formation of proverbial knowledge in an experienced reality, identifies the power of proverbs in making an impact on people. Experience is defined as intelligence and knowledge and on that basis it secures social status. In this regard, proverbs advocate the elderly as a social type that has gained the most experience in the course of life, therefore they have secured knowledge in order to guide the new generation and act as a group's protector. Proverbs work to keep the elder in the position of speaking and the youth in the position of obedience. Just as proverbs are one of the tools of the elders to guide the new generation and protecting the group, the proverbialist provides unity and consensus by centralizing the group›s commandments.

Keywords: proverbs, elder, empirical cognition, sociology of proverbs, discourse analysis.